چاپی یەکەم

# چیرۆکەکانی صەلاوات



اللّٰهُمَّ صَلِّ عَلَىٰ مُحَمَّد وَعَلَىٰ آلِ مُحَمَّد

ئامادەکردنی ئازیز تالیب




Group by لەپێناو خودا

# چیرۆکەکانی سەڵاوات🕋

## › Chirokakany_Salawat

🔒 Private group · **99K** members

Joined ▾ | Invite

PDF Reader

# چیرۆکەکانی صەڵاوات

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

سوپاس وستایش بۆ الله ی ڕەحمان  دەرفەتی  نوسینی ئەم کتێبە جوانەی پێمان بەخشی دوای ئاستەنگ و نارەحەتیتوانیمان بگەینە ئێرە کتێبێک پڕ لەوانەو ئامۆژگاری  و زیکرو تەقوای الله یی تیادایە توانیمان  چیرۆک و ڕوداوە ڕاستەقیەنەکانی ئێوە  بنوسینەوە
الْحَمْدُ لِلَّه  خۆشیەکان یان لەگەڵ ئێمە بەش کرد دڵ خۆش بوین  بە  یەقینی  کۆمەڵێ بەندەی ئەاللەبەتەقواو یەقین بە مرازی دڵیان گەشتن یارەبی  ببێتە مایەی  ورەبەرزی خوێنەر یەقینتان بەاللە ی ڕەحمان زیاتر بێت بە یەقینەوە  دوعا بۆ ئاواتەکەتان بکەن و پێی بگەن

وَ عَلَيْكُمُ السَّلَامُ وَ رَحْمَةُ اللهِ وَ بَرَكَاتُهُ

زۆر سوپاس بۆ الله  کتێبی چیرۆکەکانی سەڵاوات وەرگیراوە لەگروپی چیرۆکەکانی سەڵاوات  سوپاس بۆ ئادمینانی گروپی چیرۆکەکانی سەڵاوات لەفەیسبوک   ئەوەناوی ئادمینەکان

لەپێناو خودا

Peshawa Abdulla

Rezhna Salam

Sawen Omar

کن فیکون

Darun Salim Khurshid

Darun Salim Khurshid

Shwsha Barznji

الله لێیان ڕازی بێت و پاداشتیان باتەوە

PDF
PDF Reader

چیرۆکێکی جوانی ئەمرۆی بەر باران

سلام علیکم دادە ڕێژنەی گوڵ
ئەمەوێ چیرۆکێکی جوانی دوعایی ئەمڕۆم باسبکەم

لەهەموو جالًنج و زکر و دوعایی ئەم گروپە جوانە بەشدارم

کەهەستام لەخەو باران بوو ڕۆشتم دەستنوێژی نوێژی نیوەرۆ بگرم هەستێک لەدڵەوە وتی برۆ لە حەوشە دەست نوێژ بگرە و دوعابکە لەبەر باران

خۆم کەمێک ناساخیش بووم بەڵام وتم یافتاح العلیم یارمەتیم بدە بۆ ئیشێکی حلاڵ هانام بۆتۆ هێناوە هانام بۆ کەس نەبردوە تۆ خۆت ئەڵێی داوام لێبکە جوابت ئەدەمەوە

ئیلاهی مۆعجیزەی خۆتم نیشانبدە

نوێژم کرد و دوای چەنێ دەستم کرد بە تاج زکر و
سەڵاواتی ابراهیمی  ودوعام کرد
باوەر بکە ٢٠٠ جار تاج زکرم و خوێند و ١٨ جار
سەڵاواتی ابراهیمی و هەر ئەم وت یافتاح العلیم
دەرگایی رەحمەتم لێ کەوە

چومە تیلیگرام هەلی کارێک دانرابوو سیڤیم نارد بۆیان
وتیان خۆشحاڵ دەبین ئەگەر کارمان لەگەڵ بکەیت

ئیستا رەزامەندی منیان ئەوێت قبوڵی بکەم
دوعام بۆبکەن ئەگەر خێرە سەر بگرێت ئەگەر خێر نیە
بەباشتر تەعویزی بکاتەوە بۆم

بێ ئومێد مەبن لە رەحمی خوا دەست بەدوعاوە بگرن
دڵنیابن رۆژێک لەناو ئەو دوعایانەدا دەژیت کە داوات
کردوە

PDF
PDF Reader

چیرۆکی٢.

چیرۆکی ئازیزێکمان پڕاو پڕی جوانی هەست بە خۆشی دەکەی لەگەل خوێندنەوە

سلام و علیک

منیش دەمەوێ چیرۆکی خۆمم باس بکەم کە خودای گەورە جوابی دوعاکەمی دایەوە لەڕێگەی شەونوێژەوە و چاڵنچەی سورەتی یاسین خوێندن دوای نوێژی بەیانی هەمورۆژێک دەیخوێنم ،، سورتی البقره، یەکەم جار بەنیەتی ڕازیبونی الله ، دوعام دەکرد خودای گەورە منالێکی ساڵحانمان پێ بداا چونکە نەخۆشبوم محاڵ بووو بەڵام دەمزانی هیچ شتێک لای خودای گەورە مەحاڵ نییە ئومیدم بەخودا هەبو سپاس بۆۆۆ خواا گیااان دوای ماوەیکی کەمم خواگـــــیـــــان جوابی دوعااکەمی دایوە زانیم

ماوەیکی کەمم خواگـــــیـــــان جوابی دوعااکەمی دایوە زانیم حامیلەم ئێویێش بێ ئومید مەبن لەڕحمەتی خودداا هیچ شتێ محاڵ نییە ،،ان شاءاللّٰه هیچ کەسێ لەوهەستە خۆشە بێیەش نابێ کە خوداا جوابی دوعاکەی ئەداتۆ سپاس بۆ ئێویێش خوای گەوڕە لەبەهشتەکەی خۆی کۆمانبکاتۆ سپپاااسسس خوای گەورە

PDF
PDF Reader

# چیرۆکی ٣

چیرۆکێکی پڕ پڕ لە جوانی لەگەڵ خوێندنەوەی زەردەخەنە دەت گرێت

من بۆ ماوەی نزیکەی٨ساڵ چاوەڕێ بووم زەواج بکەم کە مەحاڵترین ئاواتم بوو سوپاس بۆ خوا هاتە دی ئەمەش ببێتە هیوایەک بۆ ئەوانەی سحریان لێ کراوە پێیان وایە زەواج ناکەن من سحرم لێ کرا پێم وابوو ئیتر زەواج ناکەم بەڵام دەستم گرت بە دوعاکردن هەموو ریگەیەکم گرتە بەر ئەمانەش ڕێگەکان بوون:-
أَسْتَغْفِرُ الله

لأ إِلَهَ إِلأ الله

إِنَّمَآ أَشْكُواْ بَثِّى وَحُزْنِىٓ إِلَى ٱللَّهُ

لاَ حَوْلَ وَ لاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاَللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ

لاَّ إِلَٰهَ إِلاَّ أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ
لا إِلهَ إِلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ
رَبِّ لاَ تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ

حَسْبِيَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيهِ تَوَكَّلتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ .
يا حي يا قيوم برحمتك أستغيثأصلح لي شأني كله، ولا تكلني إلى نفسي طرفة عين
رَبِّ إني لما أنزلت إلي من خير فقير
دوای تەواوبوونی بانگ دوعام دەکرد
نوێژێکیش هەیە یەک جار دەکرێ ناوەکەیم بیرچۆتەوە
بۆ یەک ئاواتت دوبارەی ناکەیتەوە ئەوەشم کرد
دوعا لە مانگی ڕەمەزان لەرۆژی عەرەفە

سەڵاواتیش  رۆژی وابوە ١٠٠م کردوە رۆژی وابووە
کەمتر    تەنها یەقینم هەبووە هەر شتێک دوعای پێ
قبووڵ بووە من ئەم کرد دەستم گرت بە سورەتی البقرە

لەناونوێژەکانە لەکۆتای سوجدە دوعام ئەکرد لەکاتی
تەحیاتەدا لەکۆتایەکەی ئەمەم دەوت حسبنا الله
سيُؤْتِينَا اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ ورسولهإِنَّا إِلَى اللَّهِ رَاغِبُونَ ئەم
ئایەتەم دەخوێند دوعام دەکرد دوای سەلام دانەوەش
زیکرەکانی دوای نوێژم دەخوێند پاشان دوعام دەکرد
بەڵام رۆژ بۆ رۆژی شتەکانم قورس بوو هیچ شتێک
رووی نەدەدا بەیانیەک لە دوای نوێژی بەیانی  لە
سوجدەیە وتم خوایە گیان من هاتوومەتە بەردەمم
موعجیزەیەکی خۆتم پێ نیشان بدە بۆ قبووڵبوونی ئەو
دوعایەم زۆر مامەوە

٤١جاری زیکرەکەی پێغەمبەر یونس دەوت تا دواتر هەڵسەمەوە خەوتم خودای گەورە جوابی دامەوە لە خەوەکەمدا زانیم پێمی دەدا کۆڵم نەدا هەر کاتێکیش کە ئەم وت قبووڵ نابێت هەر دەم وت ئەبێت وە بەوناوە دوعام دەکرد کە پێغەمبەرمان فەرموو یەتی دوعای پێ قبوڵە ئەویش یاحی یاقیوم الحمدالله پێیان وتم بۆ کورێک دوێنێ شەویش مارە کرام نەخوشەش بێت لەوانەی هاوسەرگیریان نەکردووە

PDF
PDF Reader

چیرۆکی٤

چیرۆکی ئەندامێکی فرە شیرینمان

سڵاو شیرینەکەم
سورەتی البقرە ئەو سورەتەیە کەوا ئەبێت تەواوی
موسڵمانان دەستی پێوەبگرن بەتەنیا خوێندنی 4 ڕۆژ
بووە هۆی ئەوەی دوو بڕیاری زۆر گرنگ بدەم سەبارەت
بەژیانم کەهیچ کاتێك بیرم لەوە نەکردبۆوە کە ئەم
دوو بڕیارەیە بەیەکجاری بدەم،، جوانترین شت ئەوەیە
لەکاتی داواکردنی شتێک (شتێکی تر بەدەست بێنی)
کەوا هەر بیرشت لێنەکردۆتەوە و بەخەیاڵتا نەهاتووە

PDF Reader

لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە استغفار زۆر بکەن
لێخۆشبوونی هەر گوناهێکت لەلایەن خوداگیانەوە
یەکسانە بەقبوڵ بوونی نزاکانت لەلایەن خودای
میهرەبان و باڵادەست  باشترین جۆری استغفاریش
بەم شێوەیەیە

*اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدَكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ لَكَ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي فَإِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ
*اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا ، وَلاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ
*رب أغفر لي ولوالدي وللمؤمنين والمؤمنات والمسلمين والمسلمات الأحياء منهم والأموات

PDF
PDF Reader

أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ
أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ
أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ الْعَظِيمَ الَّذِي لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ ، وَأَتُوبُ إِلَيْهِ
اللهم اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَاهْدِنِي وَعَافِنِي وَارْزُقْنِي
اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ كَرِيمٌ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي
رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي فَاغْفِرْ لي
ربّ اغفر لي وتب عليّ، إنّك أنت التوّاب الرّحيم
اللهم أَنْتَ رَبِّي وَأَنَا عَبْدُكَ، ظَلَمْتُ نَفْسِي، وَاعْتَرَفْتُ بِذُنُوبِي، فَاغْفِرْ لي ياربي، انك ربي لا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ

أستغفرك ربي خضوعاً لك
أستغفرك ربي تعلقاً بك
أستغفرك ربي طلباً لمغفرتك
أستغفرك ربي شوقاً إلى جنتك
أستغفر الله العظيم واتوب إليه

PDF
PDF Reader

هو الله الذي لا إله إلا هو عالم الغيب والشهادة هو
الرحمن الرحيم، هو الله الذي لا إله إلا هو الملك
القدوس السلام المؤمن المهيمن العزيز الجبار المتكبر
سبحان الله عما يشركون، هو الله الخالق البارئ المصور
له الأسماء الحسني يسبح له ما في السماوات والأرض
وهو العزيز الحكيم
سبحان الله الحمد لله لا إله إلا الله سبحان الله وبحمده
سبحان الله العظيم إستغفر الله واتوب إليه لا حول ولا
قوة إلا بالله اللهم صل على محمد وعلى آله محمد لا
إله الا انت سبحانك اني كنت من الظالمين

PDF Reader

چیرۆکی..٥

چیرۆکی دولبەرە شیرینەکەم

با باسی ئەم چیرۆکەشت بۆ بکەم ....
ئەمساڵ ڕۆژی عەرەفە بوو,چوومە سەر بەرماڵ و نوێژم کرد,دواتر زکر و کەوتمە دوعا کردن....
دوای داوای لێخۆشبوون و داوای بەهەشت لە خوا گیان کۆمەڵێك داوام کرد لێی ڕێك بەم ڕیزبەندیە.....
سەرەتا داوام کرد کەسانی خراپ و دووڕووم لێ دوورخاتەوە ,ئەو کەسانەم لێ دوورخاتەوە کە لە خوا و لەم دینەم دوور ئەخەنەوە,ئەو کەسانەم لێ نزیك بکاتەوە کە لە خواو دینەکەی نزیکم ئەکەنەوە .....دوای ئەوە داوام کرد هیدایەتم بات تا حیجاب بکەم و زیاتر نزیك بمەوە لە خوا گیان ,هەرچەنە لەچکم ئەکرد بەڵام ئەوە نەبوو کە ئەبێ بکرێ و قژم دیار بوو.....وە داوام کرد شتێك بێ بتوانم یارمەتی خەڵك بدەم و خزمەتی دینەکەم بکەم...داوای دواترم ئەوەبوو ئاواتێکم بۆ بێنێتە دی کە زۆر قورس و مەحاڵە .....

دوای  ئەو ڕۆژە خەمەکانم زۆر قورستر بوون ناڕەحەتی بەسە رما باری ,زۆر خراپ بووم و بێ هیوا بووم وازم هێنا لە دوعا کردن,سێ ڕۆژی جەژن تەواو بوو زۆر بە شێوەیەکی سەیر لە خراپترین حاڵما کچێکی ئیماندار و تێگەشتووم ناسی وەك فریشتە بوو هیوای بۆ گەڕاندمەوە و وای کرد دیسان دوعا بکەم و وای کرد زۆر زیاتر لە خوا نزیك بمەوە و سەبر بگرم....دوای هودی گیان و تۆشم ناسی کە سەرچاوەی ئومێد و هیوان بۆ من ..... لەو کاتە ناخۆشانە نزیکترین کەسەکانم کە باوەڕم نەئەکرد منیان جێ هێشت بێ هۆکار زۆر شکام پێی بێ ئاگا لەوەی ئەمە وەڵامی داواکانمە,ڕووی ڕاستیانم بۆ دەرکەوت و دوای ماوەیەك بە خەونێك بۆم دەرکەوت بە هۆی ئەو کەسانە توشی ئەو هەموو ئازارە بووم  ئەم کەسە دوڕوانە نەمان لەژیانم ....دوای ئەوانە خۆشەویستیەکی سەیر لە دڵما پەیدابوو بۆ حیجاب و بومە حیجابێکی تەواو.....لەدوای ئەمە پەیجم دانا و ئێستا دوو پەیج بەرێوە ئەبەم کە خزمەت بە قورئان و بە دین ئەکەن و هیوا ئەبەخشم بە خەڵك

و بگرە هەندێ جار قسەشیان بۆ ئەکەم و یارمەتیان ئەدەم....وە ئەخیرەن ئاواتە مەحاڵەکەمە کە تا ئێستاش چاوەڕێم بێتە دی چەندین جار نیشانەم پێدراوەو خەونم بینیوە کە دێتە دی......

شەرمەزارم لە ئاستی میهرەبانی خودا گیانم ,هەزار جار سپاس و ستایش بۆ ئەو ,بە هیوای ناردنی چیرۆکە مەحاڵەکەم بۆتان...خودا گیانم ئاواتی هەموان بهێنێتە دی

چیرۆکی٦

با منیش سەبارەت بەم دوو سورەتە چیرۆکێکی خۆم باس بکەم

پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەم ڕێگایەم لە پەیجێکی عەرەبی بینی

جگە لەوەی بە خوێندنی هەر پیتێکی کەلامە شیرینەکەی ربی مەزن دە ئەوەندە پاداشتت دەست دەکەوێت ، دە خراپەت لێ
دوردەخرێتەوە، دە چاکەت بۆ دەنوسرێت

دڵ و سینەشت فراوان دەبێت ڕوداو و پێشهاتەکان زۆر جیاوازتر وێنا دەکەیت لەکەسانی دیکە و زۆر موعجیزە و تەجروبەی لێ دەکەوێتەوە
وە بەدەر لەمانەش سورەت و ئایەتەکان پڕاوپڕن لە ئیعجاز لەخۆڕا و بەبێ هۆکار دانەبەزیون هەریەکەیان چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و بەزۆر تەجروبە دەخوێنرێتەوە و گوێی لێ دەگیرێت هەرچۆنێك بتەوێت و باس کرابێت

PDF
PDF Reader

وەلحالڵ ، بۆ مەسەلەیەك خوێندم کە بەتەواوی بیروهۆشی ئاڵۆز کردبوم زۆر دوعام دەکرد هەمیشە

وە ئەمەشم خوێند پێش خوێندنی زیکرم کرد و دوعا و موناجات و داوام لە خواکرد ئاسانکاریم بۆ بکات
حەوت جار بەسەریەکەوە هەردوکیم خوێند
خۆی هەرکاتێك بتەوێت و چۆنت بوێت دەتوانیت بیخوێنێت ، وە بۆ ئەم تەجروبەیەش هیچ جیاوازی نییە

من ئەوکات دوای شەونوێژ و ویتر ئەنجامم یا
کە خەوتم لە خەونمدا پەروەردگار بە ئاماژەیەك
بەربەستەکانی بەردەم ئامانجەکەمی پێ وتم ئەوجا چۆنیەتی
چارەسەرەکەشی ، ماوەی ئەو خەمەی تێیدام!

الحمدلله دوای چەنەها خەم و ئازار و هەوڵدان ئەوەی
ویستم بە فەزڵی خودا گیانم بوو

هەر ڕێگایەك، هەر دوعایەك کە بیکەم یەك زەڕە گومانم
نییە لەبەدی هاتنی و بەیەقینێکی زۆرەوە ئەچمە بەر درگای
سۆز و ڕەحمەتە بێسنورەکەی چونکە داوا لە باشترین و بە
دەسەڵاتترین زات دەکەم
بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا
خۆی ڕێنوێنی کردم تا دوعا بکەم بۆ ئەوەی پێم ببەخشێت

## چیرۆکی ٧

## چیرۆکی هیدایەتدانی بەندەیەک

شەوی27ی ڕەمەزانی 2024زۆر دوعام کرد تا خوا هیدایەتم بدات و واز لە گوناه بێنم ، دوای پێنج مانگ خوای گەورە سەفەری عومرەی بە نسیب کردم بێ ئەوەی هیچ هەوڵم بۆی دابێ  لە ڕێی ئەوەوە هیدایەتم وەرگرت

PDF Reader

چیرۆکی٨

شەونوێژ لەگەڵ سوڕەتی بقرة (دوگیانبون دوای ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بون)

ئافرەتێک دەڵێت: من ئەم شێوازەم تاقی کردەوە و خواڕزقی دام بەدوگیانبون دوای ماوەیەکی دور و درێژ چاوەڕوان بون......
دابەشکردنی کات کاتژمێر و نیوێک پێش بانگی بەیانی
١١ ڕکات هەر ڕکاتێک ٥پەڕی تێدا بخوێنەوە سەرەتا قورسە بەڵام کە ڕاهاتی ئاسان دەبێت قورئانەکە بەدەستتەوە بگرەو دوای ئەوەی تەواوت کرد و سوجدەت برد دوعای جۆراوجۆر بکە پێش ئەوەی هەڵسیتەوە حەوقەلە و سەڵاواتی ئیبراهیمی و دوعای پێغەمبەر یونس و استغفار بخوێنە.

## چیرۆکی ٩

کەسێک دەڵێت: هەفتەی ڕابردوو مارەبڕینی خۆشەویست ترین هاوڕێم بوو پەیوەندیم پێوەکرد بۆئەوەی پیرۆزبایی لێبکەم ئەویش نهێنیەکی نایابی پێوتم وتی بەردەوامبە لەسەر دوعای..... ربی اني لما انزلت الي من خير فقير.....منیش لەکۆتا سعاتی عەسر لەڕۆژی هەینی نزیکەی ٥٠٠ جارم خوێند، سوێند بەخوا ڕۆژی دوشەم یان سێشەم بوو بەبیرم نایەت مارەکرام، سبحان الله بەدڵنیاییەوە ئەم دوعایە نهێنی سەرسوڕهێنەری تێدایە لە ئاسانبونی کاروبارەکان و لە ڕزقی حەڵاڵ، چۆن نا کە ئەمە دوعای پێغەمبەر موسایە...سەلامی خوای لێبێت....کاتێک هەڵهات لەفیرعەون و سەربازەکانی وە لەوپەڕی ترس و برسیەتیدا بوو، بەم دوعایە پاڕایەوە خوای گەورە ڕزق و هاوسەریشی بۆ ئاسان کرد

چیرۆکی ١٠

بەویستی خوا دواتر دوعا و استغغار کەسایەتی هاوسەرەکەی چاک بوو

ئافرەتێک دەڵێت:
من یەکێکم لەوانەی لە تاقیکردنەوەی زەواج دەترسام و لە کەسایەتی پیاوان دەترسام ئایا دەتوانین لەگەڵ یەک بگونجێین؟

مانگ و نیوێک پێش ئێستا هاوسەرگیریم کرد و ٨ مانگ دەسگیراندار بوم نەمتوانی سروشت و کەسایەتی ئەو بگۆڕم و نەدەگونجاین
دەستم کرد بە دوعا و شەونوێژم و سوڕەتی بقرة
ماوەیەک ئاوا بەردەوام بوم
دواتر کە گواسترامەوە الحمدلله زۆر ئاسودەم خوای گەورە کردی بە پیاوێکی چاک بۆم

.

ئەم چیرۆکە دەکرێ ببێتە هیوایەک بۆ ئەوکەسانەی سالآنێکە هاوسەرگیریان کردوەو کێشەیان هەیە ئێوەش دەتوانن دوعا بکەن کاتئک سیفاتئکی هاوسەرەکەتان بەدل نیە بۆئەوی بگۆردرئت لای خوا ئاسانە هەموو شتێک.

چیرۆ کەکانی صەڵاوات*

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١١

حەزم کرد ئەمەش دانێم وەك چیرۆك  کە شەوێك  بە تەزبیح ئەلکترۆنیەوە چومە دەرەوە دانیشتم  لەگەڵ هاوڕێیەکم  تا دەنگ سڵاواتم دا هی ئاسای دواتر دەستم کرد بە  ناوێك لە ناوەکانی خوای گەورە {یا حی یا قیوم } نزیکی هەزارم وتەوە  لە پڕا هەواڵی کەسێکم بۆ هات کە لەو دەقە کارەبا گرتویەتی و مردوە ئیتر زۆرم پێ ناخۆش بوو   چوم دەست نوێژم گرت دو ڕکات نوێژم کرد  دەستم کردەوە بە یا حی یا قیوم بە نیەتی  گەڕانەوەی ژیانی   وەلحاڵ تا نوێژی بەیانی نەخەوتم و دوعام بۆ کرد  وتیان تا گەیەنراوەتە نەخۆشخانە ٤٥ دەقە دڵی لەکار کەوتوە  الحمدلله کە استا ئەژیت   بەڵام زۆر باش نییە داوا ئەکەم لە دوعای خێر بێبەشی مەکەن تا خوای گەورە بە دایکو باوکی شاد کاتەوە بەڕاستی  وەك ئەوە وابو کە ئەو ناوە بە تاییەتی هاتبێتە سەر زمان

چونکە  زۆربەی کات یان یا فتاح ئەڵێم یان یا ڕزاق   هیوادارم ببێتە چیرۆکێکی هیوا بەخش کە هەر کارێکی پەك کەوتو یان مەوزوعێکی دواخراو بەو ناوە لە خوای گەورە داوا بکەن  دڵنیابن پێتانی ئەبەخشێت دواجار هەمومان هەر ئەبێ بمرین بە گەنجی بێت یا پیری ئەوەی لەسەرمانە  تەنها عیبادەتە کە دەمان گەیەنێتە پلەی بەرزی خوا پەرستی  هەر لە خۆشیا بن

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٢

نیعمەتی سورەتی بەقەرە استغفار

کەسێک ئەلێ؛:

هاوسەرێکم هەیە بەردەوام زۆر دەمارگیرە

باری دەروونی خراپ و هاوارکردن

پاشان سورەتی البقرەم بیست، بۆیە دەستم کرد بە خوێندنەوەی

بێ وەستان زۆرێک لەو زیکرانەشم ئەنجامدا کە دەمکرد

1_ الحوقلا ڕۆژانە 1000 جار ،

2 استغفار 1000

3 سەلاوات لە ڕۆژێکدا 1000 جار و بەشێوەیەکی کورت

سوێند دەخۆم ژیانم بەتەواوەتی لەگەڵیدا گۆڕاوە چیتر قبولْ ناکات
ئەگەر تورە بم، ئەویش دێت و دەڵێت ببورە و ستایش بۆ خودا.

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٣

صلواتی ئیبراهیمی هەموو شتێک دەگۆڕێت
هاوسەرەکەم یەکێکە لەو پیاوانەی کە زمانی توندە و زوو توڕە دەبێت
تەنانەت خێزانەکەیشی بەرگەی ناگرن
بەڕادەك کچینە حەزم نەدەکرد لەگەڵیدا بچمە دەرەوە چونکە زۆر سارد و سڕ بوو
هەر کە بە ئۆتۆمبێل دەڕۆشتینە دەرەوە شەیتان لەسەر ملی بوو و بە بێ بایەخترین هۆکاریش دەیبردینەوە
ماڵەوە تەنانەت ئەگەر نانم بویێت لە ڕێگاماندا ئەو نایەویێت کچان پێتان دەڵێم بەڵام چیتان پێ دەڵێم سوێند بە خودای گەورەصلوات لەسەر پێغەمبەر بە شێوەی ابراهیمی سەرسوڕهێنەرە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام بووم لەسەری هاوسەرەکەم گۆڕا وەك بڵێی ئەو نییە هەندێک جار لە خۆشی خۆم دەگریم
پەروەردگارم وەڵامی دوعاکانی منی دایەوە
مەڵێ مێردەکەم ناگۆڕێت دەگۆڕێت، سوێند بە خوا وەك موعجیزە وابوو باوەڕ ناکەم چۆن گۆڕا.

ئەو هەڵەیە چییە کە وا ئەکات دوعاکەت گیرانەبێت؟
هۆکار ئەوەیە وا ئەزانی ئەو زیکر و دوعایانەی ئەیکەیت موعجیزە ئەخولقێنێ نەک خوای گەورە،بەم جۆرەش بەعەدەدێکی زۆر زیکر و دوعا ئەکەی بەڵام تەنیا بەزمان و دڵت لای نییە،بەمەش دوعاکەت گیرا نابێت و بێ ئومێد ئەبیت..یان لەکاتی مشغوڵیدا ئەوانە ئەڵێیتەوە بەمەش بیرت لای نابێت بۆیە هەوڵ بدە لەخەڵوەتا بیت و دڵت پشت بکا لەهەموو دنیا و لەهەموو شتێک و لەهەموو کەسێک تەنیا ڕووی دڵی بێ چارەت بکەیتە الله و هەست بەنزیکییەکەی بکەی ئەها چۆن دەردەدڵ بۆ کەسێک ئەکەیت ئاوا تەعامول لەگەڵ اللهبکە،بەئەدەب وبەڕێز و خاوێن و دڵێکی شکاوەوە ڕووی تێ بکە،سیقە بکە و دڵنیابە لەوەی پەروەردگارت بەتەنیا جێت ناهێڵێ...دڵت چاک بکە دڵ

چیرۆکی ١٤

کەسێک دەڵێت: سوێند بەخوا من هەفتەیەک تا دوو هەفتە دەبوو تاج ذکرم دەخوێند وەسواسیم نەما بە فەزڵی خوا دواتر تاج ذکر.

زۆر کەس هەیە نازانێ تاج زیکر چیە

تکایە لە کۆمێنت دوبارەی بکەنەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامەکان بزانن
ئەم خێرە لەدەست خۆت مەدە

لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ, لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ, وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٥

کەسێک دەڵێت: کچەکەم تەمەنی ٨ ساڵە و ٣ساڵ بەدەست وەسواسیەوە نالاندی شێخێکم بۆ هێنا ئەویش ڕوقیەی بەسەردا خوێند و داوای کرد تاج ذکر بخوێنێ ١٠ جار بەیانی ١٠ جاریش ئێوارە خۆشم لەگەڵیدا دوبارەی بکەمەوە منیش وام لێکرد دوبارەی بکاتەوە و ترسەکەی زیادی دەکرد شەو خۆم لەسەر سیسەمەکە لای بوم پێش ئەوەی بخەوێت لەگەڵیدا دوبارەم کردەوە بەژمارەیەکی بێسنور، ئیتر خەوی لێکەوت و خەونی بینی و گێڕایەوە کە پشیلەیەکی بێجی بەرامبەر ژوری نوستنەکەبوو و دەنگێکی بەهێزی لێوە دەرچوو دواتر لەناکاو ڕەنگی گۆڕا بۆ سور وەکو پشکۆ وابوو ئینجا چوە

گەرماوەکە، الحمدلله لەم شەوەوە ترس و وەسواسیەکەی نەما ئامۆژگاری ئەوانە دەکەم کە وەسواسیان هەیە ئەم زیکرە دوبارە بکەنەوە.

چیرۆکی ١٦

کەسێک دەڵێت:
هەمیشە لە دەستدانی کەسوکارەکەم دەترسام یەکێک لەوان لەدەست بدەم تەنانەت لە سادەترین شتیش وەکو ژانەسەر دەترسام الحمدلله بەفەزڵی خوا و خوێندنی تاج ذکر ئەم کێشەیەم نەما وە الحمدلله

چیرۆکی ١٧

کەسێک دەڵێ:
بەفەزڵی خوا دواتر تاج ذکر ڕۆژانە ١٠٠٠ جار دوبارەم دەکردەوە، ژنێک هاتە خەونم و وتی تۆ ...مەس...ت هەیە و لە ڕێگەی سحرەوە بۆت هاتوە پێی وتم تۆ چاک دەبیتەوە بەردەوم بە لە تاج زیکر

چیرۆکی ١٨

کەسێک دەڵێت ; بورانەوەم بەدەوامم هەبوو دوای خوێندنی تاج ذکر الحمدلله باش بوم
لا إِلهَ إلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ

.

چیرۆکی ١٩

کەسێک دەڵێت :
نزیکەی دوساڵ بوو خەمۆکیم هەبوو دوای تاج ذکر الحمدلله زۆر کەم بویەوە کە دوبارەی دەکەمەوە وەکو ئەوە وایە دەرمانی هێورکەرەوە بخۆم.

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٢٠

کەسێک دەڵێت; سبحان الله من ماوەیەک تاج ذکرم دوبارە دەکردەوە بەڵام ماوەیەک ناچاربوم وازبهێنم، دواتر براکەم و خێزانەکەی کێشە لەنێوانییان دروست بوو و گەورەبوو وای لێهات خێزانەکەی شتەکانی پێچایەوە و چووەوە لای کەسوکاری لە ناوچەیەکی تر بوو، بەدرێژایی کات دەستنوێژم شوشت و دورکات نوێژم کرد و لە دڵەوە دوعام بۆکردن لەسەر بەرماڵەکەم دانیشتم و تاج ذکرم زۆر دوبارە کردەوە بە نیەتی ئەوەی خوا نێوانیان باش بکاتەوە تا بانگی بەیانی خێزانەکەی نامەی بۆناردم کە براکەم لەناکاو لە پرمەی گریانیدا وتیشتێک لە سنگم هاتە دەرەوە یاڕەبی سوپاس بۆتۆ خوایە ئەوان گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان

سوێند بەخوا فەزڵی تاج ذکر نایابە وازی لێمەهێنن.

.لا إلهَ إلاَّ  اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ

چیرۆکی ٢١

گرینگی تاج ذکر:
پیشە + هاوسەر +ماڵ
خاوەنی چیرۆک دەڵێت: پابەندبوم بە تاج ذکر
هەمویم بەدەست هێنا بەهۆی وتنی

لا إلهَ إلاَّ اللّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ......

PDF
PDF Reader

## چیرۆکی ٢٢

چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەر:
٧ساڵ پێش ئێستا کوڕەکەم بەهۆی ڕوداوەوە توشی بێهۆشی بوو
وتیان; دەماغی مردوە ڕێژەی ژیانی بریتیە لە ٢% گومانی باشم
بەخوا برد لەلای سەری وەستابوم و بەردەوام تاج ذکرم دوبارە
دەکردەوە
لا إلهَ إلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ
شَيءٍ قَدِيرٌ
تا دوای مانگێک جوڵەی تێکەوت و جارێکی تر گەڕایەوە بۆ ژیان
یەکەم وشەی بریتیبو لە
لا إلهَ إلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ
شَيءٍ قَدِيرٌ
هەمیشە سوپاس بۆ خوا

PDF
PDF Reader

## چیرۆکی ٢٣

...تاج ذکر....وەسیەتی مردوو:
کەسێک دەڵێت ویستم سودتان پێبگەیەنم بە وەسیەتی باوکم کە مردوە، هاتە خەونم و پێی وتم: لەوەتەی پابەند بوی بە لا إلهَ إلاَّ اللّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلّ شَيءٍ قَدِيرٌ
خوا لە گوناهەکانم خۆش بوو
خەمەکانم نەمان
وە بەهۆیەوە چومە بەهەشتەوە
وەسیەتی بۆدەکردم کە بەردەوام بم تا خەونەکە تەواو بوو.

چیرۆکی ٢٤
کەسێک ئەڵێ:
ساڵێک پێش ئێستا پابەندبوم بە تاج ذکر وازم لە دەرمانە دەرونیەکان هێنا گەڕامەوە بۆ خوێندن دوای وازهێنانم هێزی کەسایەتیم زیادی کرد و بەرگریم لەخۆم دەکرد دوای ماوەیەک وازم لە خوێندنی هێنا ئێستا دەستم پێکردوەتەوە کەفی سپی لە دەمم دێتە دێتەدەرەوە راقیەکانیش دەڵێن ئەمە نیشانەی دەرچونی زیانە واتا سحرە

چیرۆکی٢٥

کەسێک دەڵێت:

جارێکیان من ژمارەیەکی زۆر تاج ذکرم خوێند لەوانەیە نزیکەی ٥٠٠ جارم خوێندبێت پێش خەوتن کاتێک هەڵسام لەخەو ئارام و ئاسودەبوم دایکم وتی چیت کردوە ڕوخسارت ئاوا درەوشاوەیە! هەستم بە ئارامیەکی زۆر دەکرد و هیچ شڵەژانێکی ناوەکیم نەبوو و هیچ هەستێکی سەیرم نەبوو.

چیرۆکی ٢٦

نەنکم...خوا ڕەحمی پێبکات.....بەهۆی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، کاتێک فەزڵەکانی تاج ذکرم بیست کە دەتپارێزێت لە شەیتان و چاکدەبیتەوە لە شێرپەنجە زۆر سوربوم لەسەری و بیرم لێدەکردەوە ئەویش بۆ چارەسەر چوبوە دەرەوەی وڵات، منیش هەوڵمدا یارمەتی بدەم تاج ذکرم خوێند بەنیەتی شیفا بۆئەو بەڵام نەیدەزانی هەستم دەکرد کە لەم زیکرە دوردەکەومەوە و هەستم بە قورسی دەکرد...

نەخۆشیەکە لەگەڵی دەستی پێکرد بە قۆڵۆن و بڵاو بویەوە بە جگەریدا و گەیشتە سەری و کاریگەری خستبوە سەر مۆخ و زاکیرەی هەندێکجار توشی شێواوی و لەبیرچونەوە دەبوو وە نۆرە و تەشەنوجاتی بۆدەهات وەکو پەرکەم تەنیا خوا دەزانێت چ معاناتێکی بینی، کاتێک لە سەفەر گەڕایەوە حاڵی خراپتر بوو جارێکیان نۆرەیەکی بۆهات و بەهۆش خۆی هاتەوە لە ناکاو وتی ..دەرمانی من

لای فلان کەسە...هەر دوبارەی دەکردەوە تا هەموو ئەوانەی کەلای بون سەیریان پێهات، مەبەستی من بوو ئەوکاتە لەوێش نەبوم بیرم دەکردەوە دەبێ مەبەستی چیبێت، وتم مەعقولە مەبەستی تاج ذکر بێت!! ماندو بوو ناردیانە نەخۆشخانە باوکم لەلای بوو لە نەخۆشخانەش هەر تاج ذکری لەسەر دەخوێند و دوبارەی دەکردەوە دوای هەفتەیەک شۆک بوم کاتێک ئەشیعەیان بۆ گرت گرێیە شێرپەنجەییەکانی مێشکیمان نەبینی و نەمابوو بەڵام کار لە کار ترازا بوو کاری خوا زاڵ بوو....چونکە ئەسڵەن چونکە تەندروستی تێک و پێک شکابوو بەهۆی ئەوەی چەند ساڵ بوو جەلساتی کیمیاوی زۆری وەرگرتبوو وە بە جەستەیدا بڵاوبوبوەوە و پەلی کێشابوو بۆ بەشەکانی جگەر و سەری بەداخەوە نەمانزانی بەفەزڵی تاج ذکر بوو تا درەنگ داهات خوا ڕەحمی پێبکات و دوعای بۆ بکەن.

چیرۆکی ۲۷

معجیزە لەگەل تاج زیکر:

کەسێکتان بۆ باسدەکەم نەخۆشی شێرپەنجەی هەبوو دوای خوێندنی تاج ذکر خوا شیفای بۆ نارد وای دەبینن سادەیە بەڵام سوێند دەخۆم بەهێزە بەهێزە بەهێزە.....
بە ئیزنی خوا هەموو نەخۆشیەکی روحی و جەستەیی لەناودەبات تەنیا لەسەری بەردەام بە و ڕۆژانە دوبارەی بکەوە هەر چەند دڵخۆشیش دواکەوت وازی لێمەهینە ئارام بگرە ئەگەر توانیت بە دەنگێکی بیستراو بیخوێنیت باشترە بەڵام هەندێ کەس ناتوانن چونکە خەڵکیان لەدەوروبەرە لەم کاتەدا بە چرپەیەکی ئاسایی بێ باشترە با شەیتان سەرقاڵت نەکا و وەهمی ئەوەت بۆ دروست نەکا کە سودی نیە گرینگترین شت ئەوەیە بەردەوام بە دواتر بەردەوام بە وە ژمارەکە زیاد بکە.

چیرۆکی ٢٨
دایکێکی میهرەبانی ئەم گروپە باسی چیرۆکی خۆی ئەکات:
چیرۆکی
چیرۆک لەسەر خۆم و منداڵەکەمە

ئەوکاتەی حەملـــم هەبوو لەپڕ ڕۆژێک بێهۆکار قاچم وەستا و نەمتوانیئیدی بیجوڵێنم ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر ئەبوو چەندین مانگ لەقاچ کەوتم دکتۆر جەڕاح نەما نەیـکەم چارەی نەبوو ، دواتر هەوڵم دا خۆم چارە بۆخۆم بدۆزمەوە یەک هەفتە گوێم لەڕوقیە گرت سووپاسی پەروەرێن خاوەن میهـر ئەکەم قاچم عەیبی نەما

دوای چەندین نارەحاتی منداڵەکەم لەدایک بوو دوای ئەوەی خۆم لەئازارێکی زۆرابووم دەرکەوت منداڵەکەم دڵی کوونە چەن دکتۆرێکم کرد هەمویی ئەیانووت دوکونی گەورە لەدڵی هەیە پێویست بەعەمەلیات ئەکا لەدەرەوەی وڵات چەندین ڕۆژ گریام و مانی خواردنم گرت دواتر بڕیارم دا بەم کارەم هیچ شتێک ناگۆڕێت دووعای بۆبکەم و خۆم ئامادە بکەم بۆ ڕۆژی عەرەفە

ڕۆژی عەرەفە زۆر

م نزاکرد زۆر پاڕامەوە دڵنیابووم خودا گیبان وەڵامی داواکریەکەم
ئەداتەوە دوای چەن هەفتەیەک لەجەژن ڕۆژێک لەخۆوە بڕیارم دا
ئیکۆی منداڵەکەم نیشان دکتۆری کە بدەم کاتێک نیشانم دان چی
ڕویدا خوایە سبحان الله
پێچەوانەی قسەکانی پێشوو کەدکتۆر پێی ئەوتم دوو کونی
گەورە لەبەشی خوارەوە کە دروست نابێتەوە بەهیچ جۆرێ مەگەر
عەمەلیات

بەڵام دواتر وتیان دوو کونی بچوکە و یەکێک لەسەرەوەیە تا شەش
مانگ پڕ ئەبێتەوە ئەوی کەش بەعیلاج ئەوەستێنرێ لەکاتێکا
چەندین ئیکۆ و دکتۆرمان کرد دوکون ی گەورە لەخوارەوەی دڵی
بوون ئێستاش وەک موعجیزە دوکونی بچوک 
ئەمەش فەزڵ وگەورەی نزای ڕۆژی عەرەفە

هەزاران جار سووپاس بۆخودای گەورە

چیرۆک٢٩
ئەزیزێکی گروپ ناردویەتی:

سەلام و ڕەحمەتی ئیلاهی بباریٚ بەسەر ئادمینان و ئەندامانی گرووپ
دەمەویٚ باس لەگەورەی سورەتی بەقەرە بکەم کەخۆم زۆر زۆر سوودم لیٚدیوە تەنانەت بۆ ئەو شتە بچوکانەی ژیانیشم کەپێویستی بەدووعا نەبوە و تەنها حەزێک بووە سووپاس بۆخودا بەفەزڵی سورەتی بەقـــەرە بۆم بووە

جا هاوڕێیەکـم هەیە دەمێکە هاوسەرگیری کردوە زۆر تامەزرۆ بوو بۆمنداڵێک خودا پێی نەبەخشی بوو دوای ئەوەی ڕۆژێک باسی سورەتی بەقەرەم بۆکرد زۆرم لیٚکرد بۆماوەی ٤٠ڕۆژ بیخوێنێت بڕیاری دا بیخوێنیٚ و
مانگێکـــی نەخایاند نامەی بۆ ناردمەوە گوایە حەملی هەیە سوپاس بۆخوای میهرەبان

چیرۆک٣٠
کەسێک دەڵێت:
دوساڵ پێش ئێستا توشی نەخۆشیەکی ترسناکی قژ بوم و ئازارێکی زۆری قاچم هەبوو بەجۆرێک نەمدەتوانی بڕۆم، سوێند بەخوا دوو خەونم بینی یەکەمیان چەند ئافرەتێکم بینی بە شێوەیان دیاربوو کە کەسانی مولەتەزیم بون و بەنیازی عەمرەکردن بون منیش پێم وتن ئەگەر عەمرەتان کرد دوعام بۆ بکەن خوا شیفام بدات تا یەکێک لەوان هات و گرتمی! وتی: شتێکت پێدەڵێم ئەمەت بەس دەبێت لا إلهَ إلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ ئیتر خەونەکە تەواو بوو
وە خەونی دووەم کەسێکم بینی لێم نزیک دەبێتەوە ناوی ...بوشرا...بوو کۆمەڵە ئافرەتێکی فێردەکرد و پێی دەوتن ئەم زیکرە دەتانخاتە بەهەشت منیش خێراهاتم تاگوێم لێبێت بینیم لەدەفتەرەکەم نوسراوە....لا إلهَ إلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ....

PDF
PDF Reader

چیرۆکی٣١
کەسێک ئەڵێ دەربارەی تاج زیکر :

دەم نالاند بەدەست قورسی قورئان خوێندنەوە تەنانەت ئەگەر یەک پەڕیش بایە بەهەمان شێوە سەڵاوات و زیکرەکانیش لەسەر زمانم قورس بوو پەکم کەوتبوو نەمدەتوانی ١٠ جا حەوقەلە بخوێنم هەستم بە پەستی و بێزارییەکی زۆر دەکرد وەک ئەوەی چیایەک لەسەر سنگم بێت کاتێک فەزڵەکانی تاج ذکرم خوێندەوە کە دەبێتەهۆی پاراستن لە بەڵای شەیتان ئیتر دەستم کرد بەدوبارەکردنەوەی ڕۆژانە زیاتر لە ٢٠٠جار دوای ئەوە ئاسانکاری زۆرم بۆ دروست بوو دەمتوانی بەهەزارەها جار زیکرەکان بخوێنم وە توانیم خەتمی قورئان بکەم و زیاتر لە جارێک بیخوێنمەوە الحمدلله خوا ئاسانکاری بۆ کردم ئێستا زیکر و خواپەرستی دەکەم بە خۆشەویستیەوە

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٣٢
کەسێک ئەڵێ:

چیرۆکی خۆم باس دەکەم، هیوادارم سوودی لێ ببینن.. دوێنێ شەو دووهەزارجار استغفرالله م دووبارە کردەوە پاشان تاج الذکرو سورەتی الفاتحە وسید الاستغفارم بۆ نیەت دووبارە کردەوە ...
وە حەوت جار سورەتی الفاتحەم خوێند لەسەر قاپێک ئاو :
"ا"
پاشان ئاوەکەم خواردەوە پاشان دانیشتم و دیسان استغفار و تاجی الذکرم دووبارە کردەوە پاشان سەرخەوێکم شکاند وشەیەکی سیحر هاتە بەردەمم و لەتەنیشتیەوە گرێی تێدا بوو کە بەسترابووەوە و دواتر کرایەوە...
الحمدالله سحرەکەم هەلوەشایەوە...

چیرۆکی ٣٣

کەسێک باس لە چیرۆکی خۆی ئەکات؛:

دەڵێت بەردەوام بووم لەسەرکردنی تاج الذکر و صلوات لەسەر پێغەمبەر بە شێوەی ئیبراهیمی، بەخوای گەورە لە ڕۆژی چوارەم لەگەڵ بەردەوامیم لەسەری هەستم کرد  شتێکی بەهێز لە قاچی ڕاستم هاتە دەرەوە تا ئەو ڕادەیەی کە نیشانەیەکی لە شوێنەکەی خۆی جێهێشتبوو.!
تاج الذکر مەزنە بۆ تێکشکاندنی ئاستەنگیەکانی ژیانت و بۆ نەخۆشیە ڕۆحی و جەستەییەکان چارەسەرە
و دوعاکان پێ ی وەڵام دەدرێنەوە ان شاءالله
صلواتی ئیبراهیمی بەستە بۆ خەم و لێخۆشبوونی گوناهەکانت، و بە فەرمانی خودا بۆ ڕزگاربوون لە ناڕەحەتی و وەڵامدانەوەی دوعاکان
پارێزگاریان لێ بکە (با ڕۆژەکەت تێنەپەڕێت  بەبێ تاجی الذکر و صلواتی  ایبراهیمی ئەمە وەك ئامۆژگاریەك بۆت)

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٣٤

یەکێک ئەڵێ:

سبحان الله جارێکیان بڕیارم دا دەست پێبکەم  بە تاج زیکر
لەبەیانیەوە تا عەسر ٢٠٠٠جارم خوێند، هەستم بە بێزاریەکی زۆر و
توڕەییەکی زیاد لەپێویست کرد سەیرم پێهات بینیم کەسێک دەڵێت
ئەگەر کەسێک زیانی پێگەیەنرابێت ماندو دەبێت لەگەڵ تاج ذکر
دوای ئەوە بڕیارمدا وازنەهێنم
لەشەودا زیادم کرد و دەنگم بەرزکردەوە تاخەوتم خەونێکم بینی
کە مارێکی ڕەشی گەورەی پێچراوە لای مەدخەلی ماڵەوەیە کاتێک
بەدوای لێکدانەوەکەیدا گەڕام وتی ئازارێک هەیە لە ناوەوەی
گەدەت ڕوقیە بۆخۆت بکە دەرکەوت قسەکەی ڕاستەو ڕوقیەم
بۆخۆم کرد و کەڵەشاخم کرد بەپشتیوانی خوا باشتر بوم حیکمەتەکە
لەوەدا بوو خودا  لأ إلَهَ إلأ اللّه ی کردە هۆکار بۆ ئاشکراکردنی
ماندوییەکەم و دەستەبەر کردنی چارەسەر الحمدلله باشتر بوم،
وایلێهات بەیانیان و ئێواران پێوەی پابەند بوم وە خەونی زۆرم
بینی تێیدا من مارو شتی ترم دەکوشت جارێکیان خەونێکم
بینی و تەفسیرەکەی ئەوەبوو کە پارێزگاری کردن و دەستگرتنم
بە زیکرەکانەوە بوەتە هۆی پاراستنی خۆم ماڵەکەشم لە زیانی
شەیتان.....ئامۆژگاریم بۆ هەموو دایکێک ماڵەکەت مناڵەکانت
هاوسەرەکەت خۆتان بپارێزن پابەندبن بە زیکرەکانەوە دەبێتەهۆی
لاچونی بەڵا و ئاسانی ڕزق دەسکەوتن

چیرۆکی ٣٥
کەسێک ئەلێ:

فەزڵی سەڵاواتدان

من ئەوکاتەی پابەندبووم بە سەڵاوات و تاج ذکر و استغفار و الحوقلە ..بەوالله العظیم هەستم ئەکرد کەسێک پێش بەیانی هەڵم ئەستێنێ،الله شایەتە گوێ لێ بوو شەوێکیان یەکێک پێی وتم:تۆ دڵت بەئازارە و ناڕەحەتی هەستە نوێژ بکە ودوعا بکە ئازارەکە لێت دوور ئەکەوێتەوە...

چیرۆکی ٣٦

کەسێک باس  لە چیرۆکی دوعاکردنی خۆی ئەکات ئەلێ:

نزیکەی مانگێک لەمەوبەر پێویستم بە پارە بوو و نەمدەویست لە کەس
داواکەم بەردەوام بووم لە قورئان خوێندن، سوپاس بۆ خوا، وە دەستم کرد بە نوێژکردن   و پارانەوە بەتایبەت لە  سوجدە، جگە لە نوێژی   فەرز لە ژیانمدا ئەوها نەبوم
شیتان نا ئومێدی ئەکردم ).
بەم شێوەیە دوعاکەم دەگوت، ئەی پەروەردگار من پارەم لە تۆ دەوێت، وە لە دروستکراوەکانی تۆش نامەوێت، وە دووبارەم ئەکردەوە
، بە خوای گەورە ڕەنگە تەنها دوو هەفتە بێت و بەو شێوازە ئەپارێمەوە
لە حکومەوەتەوە سلفەم بۆ کرا
 سوپاس بۆ خوا ئەوەی سەیرە پشتگیرییەکە بە  هەمان بڕبوو کە بیرم لێدەکردەوە

ئایا بینیوتە پەروەردگارم چەندە بەخشندەیە، بەڵام ئێمە لە نزیکبوونەوە و گوێڕایەڵی و نوێژکردندا لەگەڵ خۆمان  ئیهمالین

چیرۆکی ٣٧
کەسێک ئەلێ:

خەون دەربارەی تاج ذکر
لە خەونمدا بینیم کەسێک هات و تاجێکی زێڕینی پێدام و وتی ئەم تاجە لە ڕۆژی قیامەت بۆ کەسانێکە کە ئەم زیکرە دەخوێنن خەونەکە تەواو بوو بە دڵخۆشیەوە بەخەبەرهاتم لا إلهَ إلاَّ اللَّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ

چیرۆکی ٣٨
کەسێک دەربارەی تاج زیکر ئەڵێ:

ئەم قسەیە ١٠٠%ڕاستە گوێم لە فەزڵەکانی تاج ذکر بوو بەڵام هەستم دەکرد قورسە و ناتوانم بگەمە ١٠٠ جار لە ڕۆژێکدا، بەڵام دوای ئەوەی هەستم پێکرد و بەخۆشەویستیەوە وتم توانیم لە ڕۆژێکدا ١٠٠٠ جار بخوێنم، ئەم گۆڕانکاریانە ڕویاندا:
دڵنیایی
ئارامی
خشوع و پارێزگاری لە نوێژ
پارێزگاری لە زیکرەکان
ئاسانبونی کارەکان
خێرکردن
وەسواسی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بویەوە
لە خۆم و کەسانی چواردەورم تێدەگەم
تێڕوانینم بۆ ژیان گۆڕاوە
زۆر شتی تر کە ناتوانم بیانژمێرم هەموو ئەوانە بە فەزڵی الله دواتر تاج ذکر.

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٣٩

مامۆستایەک ئامۆژگاریی کچێک ئەکات بەردەوام بێت لە وتی تاج زیکر کە بەدەست نەخۆشی ئافرەتانەوە نالاندویەتی: دەڵئت سوێند بەخوا ١٠ساڵە بەدەست ئەو نەخۆشیەوە دەناڵێنم دوای ئەوەی ئامۆژگاری مامۆستام جئبەجئکرد کە خوئندنی تاج زیکر بووجێبەجێ باش بوم

خوێنی ڕەش و سەیر و خراپم بینی لەجەستەم دەرچوو لەکاتی سوری مانگانە شۆک بوم کاتێک بینیم وەکو ئەوە وابوو شتی پێچراو و گرێدراوی تێدابێت خوا پاداشتت بداتەوە و بیخاتە سەر تەرازوی کارە چاکەکانت.

لەوانەیە سحر بوبێ من نەمزانیبێ کە سحرم لێکراوە بەهۆی خوئندنی ئەم زیکرە سحرەکە لەناوچوبئت

چیرۆکی ٤٠

کچێك دەگێڕێتەوە و دەڵێت هەرچەند کە  دینداریش نەبوە، بەڵام
بەردەوام بووە لە ووتنی ذکری (لا إله إلا الله وحده لا
شريك له املك و له الحمد و هو على كل شيء قدير)
ڕۆژانە سەد جار تەسبیحێکی تەرخان کردبوو بە تایبەت تاوەکو
یارمەتی بدات بۆ ئەوەی ئەم ذیکرە بڵێت دوای ئەوەی بەردەوام
دەبێت لە ئەنجامدانی ذیکرەکە بۆی دەرکەوتووە کە باری دەروونی
بۆ باشتر گۆڕاوە
ڕوونە هەموو ئەو گۆڕانکارییانە ئەم ذیکرە یارمەتی داوە گشت
کاتێک بۆ
ڕزگاربوون لە وەسوەسەی شەیتان و
بێ هۆکار هەست کردن بە دڵەڕاوکێ و دڵتەنگی و تەمبەڵی یارمەتی
دەدات
ئەم ذیکرە وای لێکردم نوێژ بە ڕێکوپێکیتر بکەم و  زیاتر هەست
بە خشوع بکەم هەرچەندە کە  پێشتر ڕۆژێک نوێژی بە ڕێکوپێکی
نەکردووە و لەسەر ئەم ذیکرە  گوتی ئەگەر ڕۆژێك نەیڵێم و بەردەوام
نەبم لەسەری ئەواخەمبار و دڵتەنگ دەبم و بیرکردنەوەیەکی زۆرو
خراپە و وەسوەسە داگیرم دەکەن.

چیرۆکی ٤١
کەسێک   دەربارەی تاج زیکر ئەڵێ:

دوێنێ ٣،٠٠٠ جار تاج الذکرم دووبارە کردەوە و هەستم بە سوتانێکی دژ کرد لە جەستەمدا، هەرکات دووبارەم دەکردەوە هەستم بە لێدانی بەهێز و جوڵە لە جەستەمدا و گەرمیەک لە قاچمدا دەکرد، دەمزانی ئەو ذکرە گەنجینەیەکی گەورەیە بۆ سوتاندنی ئەو دژە و  ڕزگار بوونم لەو خاوەنداریێتییەی(مس) کە سالآنێکە ژیانی منی لەناوبردووە...بە ردە وام بە لەسەری و ئە نجامی بدە ن بە خوای گە ورە زۆر بە هیزە بو ئە وانە ی مس و سحر و خە ونی ناخۆشیان هە یە بە پشتیوانی خودا . بە هیزترین ذکر لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، ژمارەی ئەو زیاد بکە بۆ چاکبوونەوە لە نەخۆشی و جادوو و مسی عاشق و هەموو شتێک هەر
ئەوەندەی کە "تاج الذکر" دووبارە دەکەیتەوە دەبێتە مردنی هەموو شیاطینەکان و خراپە و سیحر و چاوپیسی و نەخۆشیە نەفسیەکان دووردەکەونەوە ان شاء الله

تاج الذکر( لا اله الا الله وحده لا شریک له له الملک وله الحمد وهو علی کل شیء قدیر).

چیرۆکی ٤٢

کەسێک ئەڵێ:

سلام علیکم
سبحان الله من بەردێک لەزراومدا هەبوو قەبارەشی گەورە بوو لە سۆنەر بینیم وە ماندوی کردبوم و لەنەشتەرگەری دەترسام جارێکیان دانیشتتم و سەڵاواتم زۆر وتەوە بەشێوازی ئیبراهیمی بەنیەتی ئەوەی خوا دڵخۆش و سینە فراوانم بکات، ڕویشتم بۆ مەوعید پێش نەشتەرگەریی وە پشکنین و سۆنەری دووەمم ئەنجامدا بەخوای گەورە بەردەکە بونی نەمابوو

{ رَبِّ إِنِّي لِمَا أَنْزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ }
پێغەمبەر موسا فەرمووی:ئەی پەروەردگار بەڕاستی من موحتاجی هەر خێرێکم کە تۆ بۆت دابەزاندووم..

پەروەردگاریش:
ئیشوکاری پێدا
وەزەواجیشی بۆ ئاسان کرد
وە بە پێغەمبەرایەتی ڕێزی لێنا..

بەڕاستی خۆ بەهەژار دەرخستن لەبەردەم اللەیا،دەوڵەمەندی بەدوادا دێت

PDF
PDF Reader

چیرۆکی٤٣

چیرۆکێک لەگەڵ استغفار
من کچێکی هەتیوم کە لە تەمەنی ٥ساڵیدا باوکم لەدەست داوە سێ برام هەیە کە بچووکترینیان هێشتا تەمەنی ساڵێک نەبوو...
دایکم بەوپەڕی ئەخلاق و قوربانیدان پەروەردەی کردین و بە باشترین شێوە فێری کردین قوتابخانەکان و باشترین پەروەردە هەستمان بە هەتیو نەدەکرد، بەڵکو ئەو ئێمەی لەوانی تر باشتر کرد.
کۆلێژەکەم تەواو کرد و متمانەم بەخۆم هەبوو و بە تەواوی دڵخۆش بووم بە باشی خۆم لە کۆمپانیایەکی گەورەدا کارم دەکرد، بەڵام کاکە ئەوە بە بیرمدا نەهات کە کابوسێک چاوەڕێم بکات بە ناوی دواکەوتنی هاوسەرگیری گرنگی بەم بابەتە نادەم، تا ئەو کاتەی هەستم کرد کە ئەوانەی لە دەوروبەرمن ئاماژەیان بەم بابەتە کردووە، بینیم هاوڕێکانم هاوسەرگیری دەکەن، یەک لە دوای یەک...بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زۆر ئۆفەرم پێشکەش دەکرا، و هەر جارێک یان ڕەتمکردەوە یان... ڕەتیان کردەوە و هەر جارێک زیاتر خەمۆک و دڵتەنگ دەبووم لە دۆخەکەم و متمانەم بەخۆم لەدەست دەدا، تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندیم لەگەڵ خودا لە لێواری داڕماندا بوو هەرکاتێک کەسێک دەهات زیاتر

و زیاتر لە خودا دوور دەکەوتمەوە... تا ڕۆژێک لە خۆمم پرسی: ئایا من تەنها لە پێناو هاوسەرگیری خودا دەپەرستم ئایا پەیوەندیم لەگەڵ خودا تەنها هاوسەرگیرییە... وە ئەو ڕۆژە بڕیارمدا ژیانم بۆ هەمیشە بگۆڕم، بۆیە من... دەستم کرد بە خویندنەوەو تیگەشتن لە قورئان و تێگەیشتن لە ماناکانی، فێربوونی زانستی ئیسلامی، بە پەرۆش بوون لە کارەکانم، و باشترکردنی پەیوەندیم لەگەڵ خێزانەکەم و هەموو ئەوانەی پێویستیان پێم بێت، و لەم حاڵەتەدا مابوومەوە تا قورئانەکەم تەواو کرد. و.. خوێندنی ئیسلامیم لە پەیمانگا تەواو کرد و بڕوانامەی ماستەرم بەدەست هێنا ئەمە سوپاس بۆ خوای گەورە... وە ڕۆژێک کە خەریکی پێداچوونەوە بووم... لەگەڵ خوشکەکان کە قورئانیان دەخوێند لە مزگەوت، دایکێکی پیر بێهۆش بوو و نەیتوانی قسە بکات، هەموومان هەستمان کرد شتێکی خراپ بەسەریدا هاتووە ، بۆیە بردم و چوومە نزیکترین نەخۆشخانە و لەگەڵیدا مامەوە و هەموو شتێکم لەبیرکرد تا بیرم هاتەوە مۆبایلەکەی ببەم و کچەکەی بانگ کرد ، کچەکەی کورەکەی هاتن هی ژنەکە لەوکاتەدا هاوسەرگیریم بیرکەوتەوە و خۆزگەم دەخواست کە خودا گەنجێکی وەک ئەوم پێ ببەخشێت... دوای ئەوە ڕۆیشتم و هیچم لەبارەیانەوە نەدەزانی، تاڕۆژێک دایکەکەم بینی

لە مزگەوت و هات سوپاسی منی کرد و قسەی لەگەڵ کردم  کە
پێشنیار هاوسەرگیری کوڕەکەی بۆ کردم من خەیاڵم نەدەکرد ئەمە
ڕووبدات، لەدلی  خۆمدا گوتم پەروەردگار تۆ چەند میهرەبانیت
ئەوەی سەیرە تەمەنی 29 ساڵەو یەک سال لە من گەورەترە
من لێتان ناشارمەوە  منیش چاوەڕێی ئەوە بووم بچمە ماڵەوە
و سوجدەم برد بیرم هاتەوە کە سەرەتا داوام لە خودا کرد
وحەزمکردوە ئەو کەسە ببێ بە هی من
سپاس بۆ خوا هەموو شتەکان بەدلی خۆم بوو و زەواجمان کرد
بانگەواز لە هەموو خوشکەکانم دەکەم کە وەک من لە دواخستنی
هاوسەرگیری دەترسن، سەبر بگرن، چونکە لەگەڵ سەختیدا
ئاسانکاری دێت، و بە خوداوە بچەسپێن، چونکە ئەو باشترین
یارمەتیدەرە.

PDF
PDF Reader

چیرۆکی٤٣

معجیزەی استغفار
ئارامی و نیعمەت و ڕەحمەتی خودای گەورە لەسەرتان بێت
منیش شوێنت دەکەوم و زۆرێک لەو چیرۆکانەی داوای استغفارم خوێندووەتەوە کە بڵاودەکرێنەوە
ئەگەر ڕاستگۆ بم، پێم وابوو تا ڕادەیەک چیرۆکی زیادەڕەویکردنن تا ئەو ڕۆژە هات کە بمەوێت چیرۆکەکەم لەگەڵ ئێوەدا باس بکەم.
من کێشەیەکم لەگەڵ هاوسەرەکەم هەبوو، بەخوا هیچ هیوایەکم پێی نەبوو، تەنانەت بە ڕێژەی 1% ئاڵۆز بوو
بەڵام من لە ویستی خودا ڕازی بووم و بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی قورئان و نوێژکردن و ئەنجامدانی نوێژی شەوانە وە داوای استغفاربکەم
ڕۆژانە زیاتر لە ٤٠٠٠ جار داوای استغفارم دەکرد
وە زۆرجار دەمگوت: هیچ خودایەک نییە جگە لە تۆ، بەڕاستی من لە ستەمکاران بووم

لە لوتکەی کێشەکە و لوتکەی نائومێدیدا بڕیارمدا ژمارەی استغفار زیاد بکەم
لە یەک ڕۆژدا، ١٠ هەزار جار داوای استغفارم دەکرد
سوێند بە خودای گەورە، هەفتەیەک تێنەپەڕیوە کە دۆخەکە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر نەگۆڕێت، سوپاس بۆ خودای گەورە.
باوەڕم نەدەکرد کە کێشەکە بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت دوای ئەوەی ئومێدم پێی نەما

بەڵام هیوا و متمانەم بە هێزی خودای گەورە مابوو
ستایش بۆ خودا کە نیعمەتەکەی ڕاستگۆیە
لەخوای گەورە داواکارم ناڕەحەتی ناڕەحەتەکان ڕزگار بکات و دڵەڕاوکێی دڵەڕاوکێ لاببات

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٤٥

یەکێک لەباسی سەلاوات ئەلێ:

فەزڵی سەڵاواتدان...

من هاوڕێیەکم هەبوو تا تەمەنی ٤٠ ساڵی زەواجی نەکردبوو،بۆیە عەرەفەی ڕابردوو دوعام بۆی کرد و زەواجی کرد الحمدللە...

وە هاوڕێکەم نەخۆشی و کێشەیەک لەڕەحمیدا هەبوو ووتی:دکتۆر لێمی تەئکید کردەوە کە زۆر موستەحیلە منالم ببێت..منیش پێیم ووت بیر بکەوە خوای گەورە منالی دا بە پێغەمبەر ابراهیم و زەکەریا خوای گەورە هەمووشتێک ئەتوانێت بکات وەئەتوانێ مردوو زیندووبکاتەوە،بۆیە تەحەدات ئەکەم سەڵاواتی ئیبراهیمی بڵێیت و منالت نەبێ!!
جا زۆر ڕووخاو و دڵشکاوبوو بەلام... چەند ڕۆژێک پێش ئێستا پەیوەندی پێوە کردم وتی سوڕی مانگانەم دواکەوتووە منیش ووتم بچۆ لای دکتۆر...سبحان اللە دووگیان بوودکتۆرەکەش زۆری پێ سەیر بوو وتی سبحان اللە ئەمە چۆن ڕوویدا؟؟؟

چیرۆکی ٤٦

کەسێک ئەلێ:

سێ مانگە دەستم کردووە بە خوێندنی سورەتی البقرە لەگەڵ خوێندنی
سینەم فراوان بوو
چەند نەخۆشییەکم هەبوو جگە لە ئازاری جەستەیم، دەرونیشمی ماندوو
کردبوو
لەم حاڵە بەردەوام بوم هەتا ماوەیەکی زۆر دواتر بە تێپەڕبونی کات شیفام
بۆ هات کە تەسەورم نەدەکرد سوجدەی شوکرم برد بە گریانەوە وەك
بڵێیت هەموو دونیام پێ درابێت

ئەمە خەوی خوشکێکە بۆی ناردوم

سلام علیکم خوشکەکەم....

من خەونم بە رسول الله دی( صلی الله علیه وسلم)
زۆرێک کەس ئێستا سەرلێشێواوە لەبارەی دینەوە نازانێ چیبکات...

من لەخەونم رسول الله گیانم دی صلی الله علیه وسلم،پێمی فەرموو:
ئەو کەسەی شوێن ئەوە بکەوێت کە من لەسەریم ئەوا لە قیامەتدا باوەشی
پێدائەکەم...باوەشیش واتە شەفاعەتی بۆ ئەکەم....

با پێکەوە سەڵاواتێک بدەین،بەو نیەتەی بەر شەفاعەتەکەی بکەوین

PDF Reader

چیرۆکی ٤٧
خاوەنی ئەم جیرۆکە ئەلیت
تکاییە ماشاءالله بکات
من هەموو کاتی سەلاواتم ئەوتەوە
هی ئیبراهمی نا ئیتر کە ئاشنا بووم بەم گروپە وام لیهاتبوو زمانم دائیمەن ئەیوتەوە ٥٠٠جار زیاتر سویند بەالله لەناکاو خۆشی شادی ئارامی رووی لیم کرد بەس سەرەتا هەموو شت عەکس بۆیەوە
رووی لەخراپ بوون ئەکرد ناخۆش ئەبوو وەزعەکە شەیتان وەسوەسەی پیم کرد واز بینم لی بەس وازم نەهینا
وەلاهی خوای گەورە لەمال لەپارە لەسەروەت هەمووی بۆم بەدیهێنا!!!
سویند بەخوا خوا بەس بەیەقین ئەتداتی
بیگومان بەواز هینان لەگوناهەکردن

سەڵاوات :
ئەو هیدایەتەیە کە الله جل جلاله بۆ دڵی عەبدێکی ئەینێرێ کە ئەوەی تاریکییە بۆی ڕۆشن ئەکاتەوە،وە ئەوەی داخراوە لێی بۆی ئەکاتەوە...

وە ئەوکەسەی کە زۆر سەڵاوات ئەڵێتەوە بەشێوەیەکی عەجایب دەرووی لێ ئەکرێتەوە وە گرێ کوێرەکانی بۆ ئەکاتەوە بە جۆرێک بیری بۆی ناچێ.....پاشان ئیتر نور لەدڵیدا نیشتەجێ ئەبێ و ڕەنگی بەختەوەری دەموچاوی ئەگەشێنێتەوە،وە بەمەش نارەحەتی لەسەر لائەچێت....

چیرۆکی ٤٨
کەسێک ئەڵێت:
ئەزموونی من لەگەڵ استغفار و شیفای نەخۆشی شێرپەنجە ئەوەبوو کە کاتێ زانیم نەخۆشی شێرپەنجەم هەیە،ئیتر زمانم نەئەوەستا لەوتنەوەی استغفار وە گومانی باشم بە پەروەردگار هەبوو وە ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە پەروەردگارم شیفای دام ولله الحمد

استغفار تەنها بە دووبارەکردنەوەی نابێ لەسەر زمان،بەڵکو ئەبێ دڵت بە ئاگا و بەدیقەت بێ،ئەم مەرجە کارەکەت پێی ئاسان ئەبێ،گەر نا تەنها هیلاکیت بۆ ئەمێنێتەوە

چیرۆکی ٤٩
کەسێک دەڵێت

سوێند بە الله چیرۆکەکەم ڕاستەقینەیە،من کارێکم هەبوو زۆر لەسەرم قورس بوو هەموو شتێکم تاقی کردەوە وەکو ڕوقیە و تەداخولکردنی خەڵکی بۆ چارەسەری کێشەکەم بەڵام هەر سەرکەوتوو نەئەبوون،ئەمەش بۆماوەی ساڵ و نیوێک درێژەی کێشا... ئەوکێشەی من بەتەواوی شتێکی موستەحیل بوو!!!!!
ئیتر گوێبیستی ڤیدۆیەک بووم لەبارەی سڵاواتی ئیبراهیمییەوە،پاشان شەو هەستام بەو سەڵاواتە دوعام ئەکرد و دووبارەم ئەکردەوە...ئیتر دوای سێ ڕۆژ کارەکەم چارەسەر بوو..

الحمدلله

یارب
نزاکانی تۆش ببێت بە یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەم گروپە چاوەڕوانیت کۆتای بێت

کێ مرۆڤێکی خراپە و لەگەڵ خەڵکیدا دڵی ڕەقە ؟ میهرەبان نییە و نازانێت وشەی جوان چییە ؟ کێ ئەیەوێت ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت و ناتوانێت لەگەڵ دایک و باوکت خراپی و بە قسە و کردارت ئازاریان ئەدەی ؟ دواتر پەشیمان ئەبیتەوەو نازانی چۆن بەسەر خۆتدا زاڵبی هەموو ڕۆژ کە چاوت ئەکەیتەوە مرۆڤە ڕەشبینەکان مێسج و

نامەی ئەکاونتەکانت پڕ ئەکەن لە بێزارم ، خەمگینم ئەم ولاتە ک*ا*و*ل
بێت هیچ باشیەک بونی نیە! خەریکە تۆش وەک ئەوانت لێدێت ؟ ئای
ئازیزم لە ئازارت تێگەم خۆم بە هەموو ئەمانەدا تێپەڕیوم هەست بە
قورسی بارودۆخت ئەکەم ئەزانم کەسێک نییە بلێت چارەسەری هەموو
ئەم شتانە چۆن پێکەوە ئەکرێت وەرە بەلێن بە خودا و خۆت بدە هەموو
ڕۆژێک سورەتی بەقەرە بخوێنی بەلێن ئەدەم دلە ڕەقەکەت بۆ میهر
ئەگۆڕێت خراپیت بۆ باشی و هەموو ئازارەکانت بەپێی کات کۆتاییان دێت
گۆڕانکاری ئەکەوێتە قسە و کردارت ئیتر تۆ نەک لەگەڵ خێزانەکەت ئەبیتە
باشترین بەڵکو لەگەڵ دراوسێ و کۆمەڵگە ڕەفتار جوان ئەبی پەروەرین
بە میهری خۆی مرۆڤە خراپەکان ئەسڕێتەوە پێشتر هۆگریان بوی بەلام
ئەمجارە سوپاسی خودا ئەکەی ئیتر بونیان لە ژینت نەماوە سورەتی
بەقەرە بەسە بۆ ئینسانی مسوڵمان کە کاری پێبکات و موستەحیلە هەموو
ژیانت نەگۆڕێت ڕێگا مەدە شەیتان و نەفست لە مەزنی ئەم سورەتە گەورە
بێبەشت بکات بسم الله ئەمشەو دەست پێبکە .

چیرۆکی ٥٠

یەکێک لە برا بەڕێزەکان دەڵێت:

سڵاو

بۆ ئەوانەی پرسیار لە،سەڵاواتی ئیبراهیمی دەکەن پێتان دەڵێم کە هەموویان قبوڵکراون بەخوا 3 ئاواتم بۆ هاتۆتە دی بە سەڵاواتی ئیبراهیمی ٥٠٠٠ جار بە ماوەی ١٥ ڕۆژ وتنەوەی سەڵاواتە بەرەکەتە

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٥١
خوشکێک ناردوویەتی:

سلام العلیکم منیش چیرۆکی خۆم باس دەکەم لەگەل سلوات ابراهیمی چەند رۆژێک بوو ئیشێکمان لەپێش بوو چارەسەر نەدەبوو بریارم دا سە لوات لێدەم هەتا ئێوارە ٤٥٠ م کرد بەدەم ئیشەوە هەر ئەوەندەم کرد تێلم کرد لەگەل مالی دایکم لەکاتی قسەکردن و چاک و چۆنی گوتیان میوانێکمان هات ئیشەکەی بۆ چارەسەر کردین تەسبیحەکەم هەر لەدەست بوو گوتم بۆ زوتر پێتان نەگوتم لەخۆشیان چاوم پر ئاو بوو بروام نەدەکرد ئەوا بەئاسانی چارەسەر بوو ، بروا بکەن شتێک زۆر سەیرتر باس دەکەم پارچەک جلی گران بەهامان کری بوو نرخەکەی ١٠٠دۆلار دەبوو کردمە ناو غسالە رەنگی رساسی بروا بکەن لە چەند شوێنێک رەنگی بووە سور زۆر شتم لەسەر تاقی کردەوە نزیکەی سالێک بوو دلم نەئەهات فرێی بدەم دەمگوت هەر دەبی چاکی بکەمەوە بروا بکەن شتێکی ترم لەسەر تاقی کردەوە گوتم اخیر جارە خوایە گیان ماندوو بووم ئەو سەلاوات ئیبراهیمیە لێدەدەم دەیشۆم هیچ ئاسەواری رەنگی سور نەمابێت بروا بکەن شوشتم وشک بۆوە سبحان الله ئاسەواری نەما ، بۆ هەر کارێک بەسیت ترین شت جێ بەجێ دەبی . تکایە بەردەوام بن یقینتان هەبێ خوا وەلامی دوعایەکانمان دەداتەوە . تکایە ناوم دەرنەچیت

ئەمە معجیزە نیە داواکانت بە ئاسانی بەدی بێت
معجیزەکان لەوکاتەوە دەست پێ ئەکەن
هەموو شتێ پێچەوانەی ویستی تۆ بێت
پێت بڵێن لەمەحاڵ مەحاڵترە
ئەستەمە ئەمە ڕووبدات

بەڵام تۆ بەهەموو هێزتەوە
بێ ماندوو بوون
شەو و ڕۆژ

بجەنگی بە دوعا قەدەر بگۆڕی
ئەوەنە دوعا بکەی هەموو فریشتەکان سەقاڵ بکەی
تاوەکو پەیامەکەی تۆ بگەینن
بەجۆرێک واهەست بکەی خودا لەبەردەمتە
بەو پەڕی میهرەبانی گوێت بۆ بگرێ
پێ بفەرمووێ داوابکە زیاتر بەندەکەم
تاوەکو معجیزە نەک پشانی تۆ
پشانی هەموو مەخلوق بدەم

ئەمـــــــە معجیـــــــزە

## چیرۆکی ٥٢

کەسێک دەڵێت

ئاواتیکی زۆر مەحاڵم هەبوو
هیچ سەبەبی نەبوو بۆ قبوول بوونی
بەردەوام سەڵاواتم ئەوتەوە
خلال مانگی وەڵاهی قبولێ بووووووو

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٥٣
هەر ئێستا ئەزیزێک ئەمەی ناردووە:

سڵاو گیانەکەم توخوا هەر ئێستا پۆستی بکە بە غەدری دەزانم باسی نەکەم
چەند ڕۆژێکە چاوەڕێی تەلەفونێکم بۆ هەوڵێك کە زۆر گرنگە بۆم دوێنێ هاتمە گروپ بە سوتفە ئەو پۆستەم بینی کە باسی سورەتی یاسین بو کە چەند گەورەیە ٧ جار بیخوێنی دواتر داواکەت بکەی لە خوا گیان منیش هیچ نەوەستام هەستام دو ڕکات نوێژم کردوو ٧ جار لە سەر یەک خوێندم بێ وەستان وە دوای ئەوە دوعام کرد دوای ئەوە کاتی نوێژی نیوەڕۆ بوو نوێژم کردو ڕاکشام خەوم لێکەوت لە خەوما تەلەفۆنەکەم بۆ هات بۆ ئەو شتەی ئەمویست لە هەمان کاتدا لە جەڕەسی موبایلەکەم خەبەرم بۆوە هەمان کەس بوو هەمان هەواڵی خۆشی پێدام سوبحانەڵا لە گەورەیی و میهرەبانی و بەخشندەیی خودا .
قەت نەکەن خوا لە بیر بکەن ئینشاللە ئاواتێکی گەورەترم هەیە کە چەند ساڵە دوعای بۆ دەکەم و هەوڵی بۆ ئەدەم انشاللە لەگەڵ قبوڵبونی دوبارە دێمەوە باسی دەکەم تا ببێتە هیوایەک بۆ هەمو ئەوانەی بێ هیوا بون خۆم بە هۆی ئەم گروپەوە هەمیشە هیوام بۆ دەگەڕێتەوە سپاس بۆ خوا ،خوا پاداشتی هەمو ئەوانە بداتەوە کە لەم گروپە جوانەدان

چیرۆکی ٥٤

یەکێک لە خوشکە بەڕێزەکان دەڵێت؛
٤ ساڵە هاوسەرگیریم کردووە و نەبوو، ساڵێک لەمەوبەر سورەتی بەقەرەم دەخوێندەوە و استغفارم دەکرد وسەڵاوات ، و لە خودای گەورە دەپاڕامەوە. ئێستا دووگیان بووم ستایش بۆ خودا.

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٥٥

یەکێک لە خوشکە بەڕێزەکان دەڵێت؛
من لە سایەی خوێندنەوەی قورئان و بەتایبەت سورەتی البقره هاوسەرگیریم کرد و لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدام، ئێستا سوپاس بۆ خوا من لە سایەی خودا و خوێندنەوەی سورەتی بەقەرە و العمران و سورەت مریەم دووگیان بووم.. تەنها دوو سەعات ئەم سورەتانە بە یەکەوە دەخوێنمەوە، کاریگەرییەکەی هەر لە یەکەم جارەوە وەک سیحر وایە، هاوڕێیەکم هەیە لە تەمەنی ٤٥ ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەند کردووە، ئەو کەسێکی ئاینییە و لە بنەماڵەیەکی ناسراوە ، وە ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەفسانەیی بۆ سازکرد ، وە لە ڕاستیدا شایەنی ئەوە .ئەمەش لە سایەی خوێنەری سورەتی البقرة و العمران ، تا ئەو ڕادەیەی کە لەبیری کردوون ، کارتی قورئان بە کەم مەزانە ، ئازیزانم بە تایبەتی سورەتی البقره وەک چۆن دەتکاتە موگناتیسی بۆ خەونەکانتان ستایش بۆ خودا بۆ نیعمەتی کتێبی خودا .

PDF
PDF Reader

چیرۆکی٥٦
یەکێک لە خوشکە بەڕێزەکان دەڵێت؛
بەخوا بەخوا من تووشی نەخۆشی جەستەیی و ڕۆحی و بێخەوی و جادووگەری و چەندین نەخۆشی بووم، شەیتان دەستی کرد بە حەزی خەوتن و ماندوێتی جەستەیی، هەر کە خەتمی قورئانم کرد ون بوو ، و خودا شیفای دام.. ئاسوودەیی دەروونی و هەستێکی بەختەوەریم هەبوو کە تەنها خودا دەیزانێت، هەر ٣ ڕۆژ جارێک، خەتمێک تەواو دەکەم، و ستایش بۆ خودا، خودای گەورە شیفای دام..... لە کتێبێکی شێخ.محمد صالح المنجید، ناوی کتێبەکە: ١٠٠ دوعا لە قورئان و سوننەتی صحیح.. دوعاکانی ناوی کاریگەری زۆری لەسەر ژیانم هەبووە، پێش بانگی بەیانی شەونوێژ و دوعا ئەکەم بۆ نوێژ و دوای بەیانی لە نێوان قامەت و نوێژ دوعا ئەکەم و ڕۆژوو و شەونوێژ و خێر و زیکری بەیانی و ئێواران،ئەکەم ئەگەر تۆش بیان خوێنی ان شاءالله نیگەرانی و نارەحەتی دەڕوات هەموو ڕۆژێک یان هەندێک جار سێ ڕۆژ جارێک سورەتی بەقەرە دەخوێنمەوە، بەپێی کاتە بەتاڵەکانم.

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٥٧

السلام و علیکم
دوینی ئیوارە لەگەل خوشکەکەم قسەم کرد
ئیتر باسێ خولێکێ بۆم کرد
وتی زۆر حەزەکەم بڕوم بەس نرخەکەی زۆرە لەتوانای ماددی ئیمە نێیە
ئیتر خوشکەکهم وتی وەڵا بەشداریم کرد بێ ئەوەی دیناری بدەم بەلامەوە سەیر بوو وتم چون
وتی دەسم کردە دووعاکردن یاجبار اجبرنی تۆسێری ئەم دووعا گەورەیە ئاخر تۆبەدڵی پاک و یەقینی دووعاکەی خواگیان دەس بەڕووتا نادا واللە

چیرۆکی ٥٨

باستان کرد کەخەون وەکو وەسیلەیەکە بۆ قبوڵ بوونی دووعا وەڵاهی
لەناخۆشی بووم ـازار بووم لەکێشەبووم بەدەم وتنەوەی زکری
لاَ حَوْلَ وَ لاَ قُوَّةَ إلاَّ بِاَللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ لەگەڵ دووعاکەی حەزرەتی
نوح وەڵاهی
هاتە خەونم ئەوەی ئەمویست داواکاربووم لە الله
وای لەوخوشیە
اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ

هەر کاتێ کاتی وەڵامدانەوەی دوعاکەت هات
گەر پێویست بوو خۆر لەوپەڕی گەرمی  بێت سارد دەبێت
گەر لەوپەڕی قوڵی دەریا بێت  بەئاسانی دێتە بەردەستت
گەر لەوپەڕ بەرزی ئاسمان بێت لەسەر باڵی فریشتەکان دێتە ژێر
دەستت
خۆ گەر لای خودا بێت خەزێنەی خوا زۆۆۆۆر فراوانە
زۆر بەئاسانی دێتە لای تۆ وەک ئەوەی خەون بێت

چیرۆکی ٥٩

ئەزیزێک ناردوویەتی:

شتێکی شەخسی  ژیانی خۆمم ئەویست ئەو شتەی شەش ساڵ ئاواتم پێی  ئەخواست شەش  ساڵ لەمێشکم نەچوە دەر شەش ساڵ من بەس چاوم لە دوای خەڵک بوو هەرکەس پێی بگایشتایە من ئەموت هەزار جار خۆزگەم بە خۆت ئەو شتەی شەش ساڵ بوو بە حەسرەت لە دڵما هیچ هیچ ڕێگایەک نەبوو پێی بگەم ئێستا خەریکە پێی ئەگەم تەنها بە یەک ساڵ

دوعا کردن لە سێیەکی شەوو استغفرالله و حقوله  بڕوا  بکەن خودا شتێک ئەکاتە سەبەب بۆ گەشتن بە  ئاواتەکەت من شتێکی کردە سەبەب تا بگەم بەحەسرەتی؟شەش ساڵەی دڵم کە هەرگیز بۆ چرکەیەکیش مێشکم بۆ شتی وا نەچووە خۆتان بدەنە دەس خودا من لە ژیانما چەندین خەونو خەیاڵم هەبوە بە هۆی یەک ساڵ دوعا کردن لە سێیەکی شەوو استغفار تەنها یەک ئاواتم ماوە دڵنینم ئەویش دێتە دی

چیرۆکی ٦٠

گوڵێک ناردوویەتی:

مۆبایلم تازە کڕیبوو دوای هەفتەیەك شەوێکیان لەکارکەوت زۆرم پێ ناخۆش بوو بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی هەبێت ە

ەتاکو نیو سەعات دادەگیرساو ڕەش دەبوو
ئایەتی کورسیم خوێند و دوو سڵاواتم یا ووتم خوایە ئەمجار بکەوێتە ئیش و خراپ نەبێتەوە
بسم اللّٰەم کرد پێش ئەوە کردمەوە بە تەواوی باش بوو

چیرۆکی ٦١

ئەزیزێک ناردوویەتی

ماوەیەکی زۆر چاوو نفوسی زۆرم لەسەر بوو هەم خۆم وە
ماڵەوەشمان
هەمیشە بێتاقەت بووین بەبێ هیچ هۆکارێك یان شەرو ئاژاوە
لەماڵمان زۆر بوو بە ماوەیەکی زۆر سەخت تێپەڕین
بە خوێندنی سورەتی البقرە و زیکری بەیانیان و ئێواران وەك
قەڵغانێك وایە بۆ پاراشتنمان هەروەها دوعایەکم بینی یەکەم جاربوو
گوێم لێی بێت نوسرابوو هەرکەس بیخوێنێت دەزانێك چاو لێی یاوە
و دوعای لێ کراوە
قاچت سڕ دەبێت یان ژێر پێیەکانت گەرم دەبن یان جسمت
جۆرێکی لێ یەت و هەندێك نیشانەی دیکە
ئەوەبوو کاتێك ئەمویست بخەوم چەند جارێك ووتم، من ژێر
پێیەکانم گەرم بوو
ڕۆژانە و شەوانە بەپێی توانا دوبارەم دەکردووە بە فەزڵی خودا باش
بوینەوە
هەمووومان ئارام بوینەوە شەڕو ناخۆشی لەماڵمان نەما

ئەمەش دوعاکە بوو
اعوذ بعزة الله وقدرته من حر العين وبرد العين ووصب العين

چیرۆکی ٦٢

ئەم خوشکە جوان و بەوەفایەم کە ئەم چیرۆکەی ناردووە یەکێ بووە لە ئەندامە چالاکەکان بەردەوەم پۆستی ئومێد بەخشی بۆ گروپ ناردووە لەگەڵ خەمی خۆی خەمی ئەندامەکانی بووە خودا هەمیشە دڵخۆشی بکات :

السلام علیکم
هەریەکێکمان چەند ئاوات و ئامانجێکی هەیە لە ژیاندا هەوڵی بۆ دەدات ،، منیش یەك لە دوعاکانم پڕ بە دڵ و بە حەسرەوەتەوە قوربانی زۆرم بۆ یاوە هەرچی ڕێگای دوعاکردن هەیە هەر لە بچوکترینیان هەتا قوسترین ڕێگام خوێندووە کە بە سێ سەد دێڕیش تەواونابێت گەر هەمووی بنوسم بەڵام ئەوانەی ناکرێت قەت وازی لێ بهێنیت دەبێت ببێتە ڕۆتینی شەوو ڕۆژت وەك {استغفراللهو سلاوات و سورەتی البقرە و یاسین شەەنوێژو نوێژی چێشتەنگاو ونوێژە سونەتەکان و ویتر و نوێژی حاجە و سەڵات وتەسبیح و نوێژی تۆبە دوعاکای زۆربەت پێغەمبەران و ئایەتی دەی سورەتی کەهف و خەتمی قورئان ،......هەموو ئەو ڕێگایانەی باس کراوە و وە زۆر شتی دیکە لە عەرەبییەوە سێرم کردون }
گەر ئاواتیشت نەبێت دەبێت ئەمانە ئەنجام بەیت هۆکاری بوژانەوەت دڵ و دەرونە زۆر ڕوداوی ناخۆشم بەسەر هاتووە و تاقیکردنەوەم بینیوە ئێستا ئاسانە بە باسکردن بەڵام هەموو دەقەیەکم مردن بووە

دەوروبەریشم قەرەباڵغ بوایە وامدەزانی بەتەنهام گریان لە قورگم پەنگی خواردبویەوە زۆربەی شەوەکان بە گریان بەسەرم بردووە

کەسێك هەبوو بە هەموو شێوەیەك ئازارمی دەدا تەنانەت زیانم بۆی نەبووە بەڵام زۆر حەسود بوو چارەی بەمن نەدەهات

بوختان و درۆی بەدەممەوە کردبوو لای زۆرکەس ناشیرنی کردبوم
منیش زۆر هەوڵم لەگەڵدا بەڵام بێ سود بوو یامە دەستی خودا
هەموو شت ئەوی بیردەخستمەوە تەواوماندوو بووم دەمویست واز
بهێنم ئەوەنەبێت بێ ئومێدبم لە خوا !انا هەرگیز خۆ تەنانەت ئەوکاتانەی
هەمووکەس لە دژم دەبون تەنها پشت و پەنام خوا بووە
بەڵام دەرونم شێوا وەە بڵێی توشی خەمۆکی بووبوم
لە مانگی سێوە هەتاکو ئێستا نزیکی پێنج جار خەتمی سێ ڕۆژەشم کردبو بۆ
ئەو نیەتە متمانەم بە خوا هەبوو
بەڵام ڕۆژەکانم هەتا دەهات سەختتر بوو
نیوەی شەو نوێژی شەوەکانم لەتاو گریان هیچم بۆ نەدەوترا وەخت بوو
ئەخنکام دەڕۆشتمە سوجدە دەگریام جار جار دەموت خوایە بەس لە مێشکم
دەریکە هیچم ناوێت توشی نەخۆشی جەستەیی و دەروونی کردوم دەمویست
دوعا بکەم بۆ ئەوەی ئەوکەسەم لەبیر بچێتەوە زۆر سەیربوو دەڕۆشتمە سەر
بەڕماڵ زمانم بۆ ئەوە نەدەهاتە گۆ ئەمەش پەیامی خوا بوو بۆ بەردەوامیم
شەوێکیان لە سوجدەی شەونوێژ ووتم خوایە نیشانەیەکی گەورەم بەرێ
هەرچەندە پێشتر نیشام دیبوو بەڵام ئەمجار ووتم ئیتر تەواو من لەناوچوم تۆ
خودای منیت ڕزگارم بکە خۆ توانات زیاترە لەم دوعایەم
ئەو قسەم بیر دەکەوتەوە خودا ویستی شتێکی هەبێت قورسیش بێت
ئەنجامی دەدا ویستیشی نەبێت تەنانەت ناتوانیت گرێیەك بکەیتەوە

ووتم نیشانەی گەورەم بەرێ لە سوجدە سەرم بەرز ناکەمەوە سوێندم خوارد
سی و پێنج دەقە لە سوجدە بووم هیچ نەبوو
هەر نزام دەکرد ووتم دڵم مەشکێنە بەزەیت پێمدا نایەتەوە!؟؟؟
بەو خوایەی گیانی هەمووماني بەدەستە سێ چرکە جێگای بەرماڵەکەم
لەریەوە جولا زەوی بۆ من لەراندەوە خەندەیەکم کرد

بۆشەوی یەك شەمە نزاکەمی قبوڵ کردئەو کەسەی ژیانی تاڵ کردوم خۆشی
نەهێشتبویەوە بۆم
هاوسەرگیری کرد بەتەواوی وازی لە من هێنا کە بەبەردەوامی خۆی و کەسە
نزیکەکانی چاویان لەسەرم بوو وای کردبوو بەبێ هۆکار ڕقیان لێم بێت
وازیشیان نەدەهێنا لێم
منیش زۆر خەمم دەخوارد زیاد لە حەد
کەهاوسەرگیری کرد ئیدی وازی هێنا لە چاودێریکردن و بوختان کردن بەمن
منیش وەك مرۆڤێکی تازە لەدایك بوم لێهات ناتوانم وەسفی بکەم بەس خوا
دەزانێت هێندە خۆشبەخت بووم لەهەمووی گرنگتر دەرون و مێشکم پاك
بویەوە لەو کەسە ئێستا هەر نازانم بونی هەیە یان نا قەت دڵتەنگی ئەویشم
نەویستوەو نامەوێت تەنها دەمویست بچێتە دەرەوە لە دڵ و مێشك و
ڕۆژەکانی ژیانم
چۆن پاڕامەوە ئەوە ڕویدا
هەموو ئەو کەسانەشی وایان دەزانی خراپم یان هەڵەم کردووە هاتن داوای
لێبوردنیان کرد ڕاستی و باشی منیان بۆ دەرکەوت و خراپی ئەو کچەش

چیرۆکی ٦٣

ئەزیزێک ئەمەی ناردووە:

ئەم چیرۆکە بلاو بکەرەوە
لە زانکۆ لە مەرحەلە چوار بەهۆی بارودۆخێکەوە نەمتوانی باش بخوینم پێنج سفرم تیابوو ، بۆ دەوری دوەمیش نەمتوانی سەعی بکەم بەلام هەر هەولمدا و چومە تاقیکردنەوەکان ، بەلام بە داخەوە ئاستم زۆر خراپ بوو، کات رۆی و کارت هەر نەدرا، رۆژێک چووم بۆزانکۆ بە سەرما هات وتم ئەجم بۆ هەوالپرسی بزانم بۆ کارت نادرێ، سوتفە کە چووم کاتی بایکۆتەکە بوو تەنها ١ مۆزەف لەوێ بوو وتی منیش بە هەلە هاتووم ئیستا دەرۆمەوە، وتم هاتووم بۆ کارت بۆ تا ئێستا دەنگی نییە ، وتی وەلا کارتەکان لای ئێمەیە و تەواو بوە بەلام داخلی سیستمی دەکەین بە هۆی بایکۆتەوە جارێ ماوێتی داخلیکەین، وتم دە پشانمبە و بزانم دەرجوم یان نا، وتی شتی وا نابێ و مەسولیاتە لەسەرم، وتم ئاخر

کارێکم دۆزیوەتەوە بۆ شەهادەکەم بزانم دەمەنێ یان نا وەستام لەسەر ئەوەی دەرچوبم یان نا ، وتی باشە بەس پێت دەڵێم دەرچوی یان نا، کارتەکان گەڕا و ناوەکەی دۆزیەوە و دەستی خستە سەر ناوی دەرسەکان و ئەو لایەی پشان یام کە نوسراوە دەرچووی یان نا، لە سێ دەرسا کەوتبووم...

بەهەر حال .. من بە درێژای مەرحەلە جوار تەنها یەک نزام دەکرد ئەویش استخفیراللە بوو، داوای هیچم ناکرد بەس دەمگوت خوایە ئەزانم هەرجییەک بێت لە ئێستام باشتر دەبێت و باش دەبم، باوەرکەن بە دەقیقیش داوای هیچم ناکرد بەس دەموت بەرەکەت دێتە ژیانم هەرچییەک بێت خودا ژیانم باش دەکات... تەزبیح و شتم پێ نەبوو دایم لەسەر زمان بوو استخفیراللە..

حەفتەیەک رۆشت بەسەر روداوی کارتەکە و لە گروپ نامە هات کارت دەدریت بە ئۆنلاین... وەلا من هەر سەیرم نەکرد و خەوتمەوە بەیانی بوو..

لای ئێوارە رەفیقێکم کۆدی منی لابوو نامەیەکی نارد

وتی بە چی دەرچووی پێم بڵێ

وامزانی پێم رادەبێرێت، هەر بە گاڵتەوە وتم هههه تخوا کەست نەدۆزیەوە من نەبێ پێی رابێری!!
وتی رابواردنی چی بەخوا دەرچووی!!
وتم گاڵتە ئەکەی، یەکسەر چووم کۆدم داخل کرد ناکرایەوە لای من! نامەم ناردەوە بۆ رەفیقەکەم وتم ئادەی رەسمم بۆ بنێرە هی کارتەکەم ، بۆی ناردم بە ریکۆرد و بە سکرین شووت ، کە بینیم شۆک بووم یەکسەر سەجدەی شوکرم برد دەرچووبوم
هەمان کارت کە سێ سفرم تیابوو بوبو بە کارتێ هەمووی دەرچووبووم
دوای ساڵێک بیستمەوە وتیان لە ئاخیر دەقەدا کە کارت دراوە لیژنە دروست کراوە لە سەرۆکایەتیەوە و تۆیان دەرچاندوە !!

چیرۆکی ٦٤
برایەک ئەمەی ناردووە:

ئەم چیرۆکەم بۆپۆست بکە
دوێنێ بۆئیش کردن چووم بۆلادێیەکی لای خۆمان سەیارەم نەبوو بەسەرجادە چووم تەقریبەن سەعات و نیوێک دوور بوو لێم سەیارەیەک هەڵی گرتم تۆزێک نزیکی کردمەوە کە دابەزیم دەستخۆشیم لەخاوەن ئۆتۆمبیلەکەکرد و دەستم کرد بە زیکری استغفرالله وتم خودایە یەکێ بنێریت هەتا ناو لادێکە بڕوات سوێن بەخوا دەدەقەی پێنەچوو سەیارەیەک هات بۆم وەستا بۆئەوێ دەچوو هەتا ناو لادێکە بردمی ئەمە نموونەیەکی بەسیتی ڕەحمی خودای پەروەردگارە تکایە لەڕەحمی خودا بێئومێد مەبن
وە ئەم هەفتەیە ئەچم بۆ لای دکتۆر دوعام بۆبکەن خوای گەورە شیفام بات ئەوەڵ و ئاخیرجارم بێت بچمەوە لای دکتۆر

ڕۆژی هەینی ڕۆژێکی گرنگە بۆیە استغلالی ئەوکاتە بکەن و دوعازۆر بکەن و سڵاوات زۆر بدەن و وەسوڕەتی الکهف بخوێنن وەکاتی گیرابونی دوعاتان لەبیرنەچێ وە داوا ی هەرچیەک ئەتانەوێ لەخوای بکەن.

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٦٥
کەسێ ئەڵێت

ماشَاءَ اللّٰهماشَاءَ اللّٰهماشَاءَ اللّٰه سڵاوتان لێبێت سوێند بەاللّٰه من پەیوەست بووم بەسەڵاواتی ئیبراهمی و خەتم  هەموو ژیانم چاک بوو کاروبارم ئاسان بوو ژیانم گۆڕا بەفەزڵی خوا گیان ئینجا خەتم و سەڵاواتی ئیبراهمی

PDF Reader

چیرۆکی ٦٦

ئامۆژگاریم بۆهەموتان سڵاوات زۆر بدەن لەسەر پێغەمبەر صل الله علیه وسلم ، مناڵێکم لەدایک بو وە ئۆکسجینی کەم بو وەپێویستی بەهەناسەدانی دەستکرد بو ، وەزۆر گریام بۆ حاڵی مناڵەکەلەسەر جیهازەکان و دانیشتم سڵاواتم لێدا بەهەمویەقینێکمەوە وەدکتۆرەکان هەریەکەوجیهازێک لەسەرمناڵەکە دائەنێت وەمن گرنگییم بەوان نەئەدا هەموفکروهۆشم لای سڵاواتەکانم بوو وەلەناکاو دکتۆرەکە وتی ئێستا هەناسەی سروشتی خۆیەتی وەپێویستی بەم هەموئازارە نیە والحمدالله هەمو جیهازەکانییان لێکردەوە و سوپاس بۆخوا ئێستا مناڵەکەم سەلامەتە وتەندروستی باشە.

چیرۆکی ٦٧

کەسێئەڵێ

تکایە چیرۆکەکەی من پۆست بکە:

من کچێک بوم زۆر بێ بەخت بوم وە وەکۆمەڵێ قەرزی زۆر هاتبۆیە سەر ، وەبۆ ڕەفیقەکانم باس ئەکرد کە من هەمودەرگاکانم لێ داخرابو. وەلەهەردەرگایەکم ئەدا دائەخرا بەسەرما وەئەبو بەدەردە دڵ کاتێ بۆهاوڕێکانم باس ئەکرد، واللە لەبارودۆخێکی سەختا بوم زەواجم تاخیر بوو بوو و زۆر ئاواتم بو منیش وەکو هەموکچانی تر دڵخۆش بم وژیانی خۆم هەبێ و کەسێکی باش بکات بەنسیبم ، وەزۆر بێ ئومێد بوم ، وەلەکۆتاییا بڕیارم دا دەست بکەم بەسڵاوات لەسەر رسول اللە وەسڵاواتی ئیبراهیمی وەزۆر ، وە هەفتەیەک دەسم پێکردو ڕۆژو شەو ئەمخوێند دەسم کرد بە شەونوێژ وەدووایی موعجیزە ڕوییدا و خێزانەکەم زانییان وقەرزەکانییان بۆدامەوەو ، وەکەسێکی کەخۆم گەنجتر بە٤ ساڵ داوای کردم وە بە پلەیەکی بەرزیش ، من کێم هەتا ئاوا خوای گەورە دەرووی لێکردمەوەو خوایە ئاوا دڵی هەموکەس خۆشبکات و وە بەیەک هەفتە، خوایەلەهەموڕویەکەوە دڵمان خۆشبکەی ، واللە سڵاواتی ئیبراهیمی سیحرە.

چیرۆکی ٦٨

کەسێک ئەڵێ:

زۆر هەستم بە بێزاری و بێتاقەتی ئەکرد بەهۆی واز هێنانم و دابڕانم لەهەمو کارەکانم بۆ ماوەی سالانێکی زۆۆر
دواتر دەسم کرد بەڕوقیەی شەرعییە وە سڵاوات و شەونوێژ و وەسورەتی البقرە ش کە گەوهەرە ، وەسوپاس بۆخوا کارێکم دەس کەوت و دوای ١٣ ساڵ لەئارامگری هەزارجار سوپاس بۆخوا .

تاکە شتێک کە حەزدەکەم زۆر لێی دڵنیا بیت ئەوەیە، خودا قەرەبوت دەکاتەوە، هەرگیز پێت وانەبێت ئەو ئارامگری و سەختیانە هەروا تێدەپەڕێت و هیچ شتێک ناگۆڕێت
خودا بە تەوقیتێک کە باشترینە لای خۆی،قەرەبوت بۆ دەکاتەوە
لای ئەو هەموو شتێک بە حسابە، هێندەی سەختی ئازارەکانت چاوەڕوانی گەورەی قەرەبووەکەت بە

وە ئەوە زۆر بە باشی لە دڵتدا بچەسپێنە 'خودا بۆ هەموو دەردێک،دەوا دەنێرێت'
فَإِنَّ مَعَ ٱلْعُسْرِ يُسْرًا

چیرۆکی ٦٩

خوشکێک دەڵێت:
هاوسەرگیرییەکەم تێکچوو ڕووخسارم مات و تەمبەڵ و بێهێز بووم دڵەڕاوکێم هەبوو.
ئەکاونتەکەتم بینی خوای گەورە پاداشتی باشت بداتەوە، خوای گەورە دڵخۆشت بکات لە دونیا و دین،
دەستم کرد بە خەتم کردنی قورئان
چەند جارێک خەتمم کرد

لە ڕۆژی سێهەمدا لە چاو نفس و ئیرەیی و سیحر و مەسی جن چاک بوومەوە
لە ڕۆژی حەوتەمدا هەموو قژەکانم گەشەیان کرد، دوای ١٢ ڕۆژ قژم یەک ئینج درێژ بوو
لە ڕۆژی ١٣یەمدا تێکچوون لە ڕووخسارم نەما
ان شاءالله خوای گەورە پاداشتت بداتەوە،

ئەو ڕۆژەی قورئانم تەواو کرد، خودا هەموو شتێکی خستە بەردەستم، ستایش بۆ خودا
یەکەم شت ئەوە بوو کە هەموو شتێک ڕووخسارم تاریک دەکرد، منیش وتم "سوپاس بۆ خودا بۆ هەموو شتێک" بەهۆی سەختی ناخۆشییەکە، ڕازی بووم بەو شتەی کە خودا بۆی دابەش کردبووم.
پێش ئەوە هەموو حەرامێکم بەجێهێشت و دوعام دەکرد هەموو شتێک جێبهێڵم تەنها پەروەردگارم ڕازی بێت
یەکەمیان قسە و باسە، کە لە دوای خۆم بەجێم هێشت

مەبەستم ئەوەیە پێش هەموو شتێک چاک ببمەوە
واتە یەکەم جار لە سێ ڕۆژدا تەواوم کرد
پاشان هەموو ڕۆژێک دابەشم کرد، ١٠٠ ئایەت یان زیاترم خوێندەوە.
وە استغفار
بە تەرکیزەوە 7000 استغفارم دەکرد
سەرەتا تەرکیزم کەم بوو بەڵام لەگەڵ قورئان سوپاس بۆ خوا، زوو تەرکیزم زیاد بوو و شتەکان جوان بوون.
خەتم زۆۆر گرنگە خەتمی قورئان زۆر موبارەکە

ئێوەش دەستی پێوە بگرن ئەبێتە نور لەڕوخسار و دڵتان

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٧٠
دایکێکی میهرەبان ئەڵێت

گەورەیی و بەرەکەتی سڵاوات لەژیانم زۆرە واللە دوگیان بوم داوای کچم لەخوا کرد سوپاس بۆخوا پێی بەخشییم وە دوعام کرد لەدایک بونەکەی ئاسان بکات بۆم واللە لەماوەی نیوسەعاتا منالم بو زۆر بەئاسانی نەجاتم بوو ئەوەی کەباسی ئەکەن و ئەترسێنن و زیرەیان لێی کردوە هچم توش نەبوە بەفەزڵی خوا وە سڵاوات وەسورەتی البقرە کۆتای مانگەکان هەروازم لێ نەهێنا و هەموشتێکم زۆربەئاسای تێپەڕی و وە ویردەکانیشم زیاد کردوە وە زیکرەکان دوەم شت وەئەمانە بەفەزڵی خواوەیە.

چیرۆکی ٧١
کەسێک ئەڵێت:

واللە کچینە من یەک وشە درۆم نەکردوە واماوەی ٤ ساڵە دوعائەکەم بۆ بۆکارێک کە وەک مەحاڵ وایە دوعائەکەم و بێ ئومێد ئەبم ودوعائەکەم و ئومێدم لەدەس دا وە ئەم جارە دەسم کرد بەسڵاواتی ئیبراهیمی وەبەردەوام بوم سوێن بەخوا لەماوەی سێ ڕۆژا دوعاکەم گیرابوو.

هەست ناکەن بەتەواوی بازرگانی بە قورئانەوە ئەکرێ بەناوی ڕوقیە؟؟

ئایا لاتان وایە تەنها قورئان خوێێندنی ڕاقیەکان شیفایە؟
ئەوەی خۆمان ئەیخوێنین وایان لە ئێمە کردووە ئەڵێ کاریگەری نیە تەنها هی ئەوان کاریگەرە؟؟

باشە بۆچی وەها لە موسڵمانان ئەکەن ئەم کەسانەی قورئان ئەخوێنن بەناو نەمانی چاو و سحر ؟؟؟

چیرۆکی ٧٢
دوعای ڕۆژی عەرەفە
پێشتر ئێمە لەخانویەکا بوبین دراوسێیەکی خراپمان هەبو کەژیانییان تاڵ کردبوبین بۆزانیاری ئێمەلەولاتێکی ئەوروپی بوبین ، هەتا خانویەکی باش ئەدۆزیتەوە ئەبێ موچەکەت سێقاتی کرێ خانوەکە بێت ئێمەش باوکم پارەکەی دوو قاتیش نەبو المهم دەستم کرد بەم ذیکرانە حوقلە، لاالەالا اللە وحدەلاشریک لە لە الملک ولەالحمد وهو علی کل شي قدیر، سڵاواتی ئیبراهیمی ، وەاستغفارکردن، سوپاس بۆخوا ئەمرۆ خەبەری خۆشمان بۆهات سوپاس بۆخوا خانوەکەمان گۆڕی

چیرۆکی ٧٣

بخوا کوڕەگەورەکەم خەریک بو لەهاروهاجیبیا چاومی دەرەکرد وە گوێی لەکەس نەئەگرت زۆر بێ گوێبو خەریک بوشێت ئەبوم بەدەستییەوە ، دواى منیش دەسم کرد بەسڵاواتی ئیبراهیمی بۆماوەی مانگێک ، دواى سوپاس بۆخوا کوڕەکەم باشبو خوا هیدایەتی دا وە ١٨٠ پلە گۆڕابوو بەهۆی فەزڵی سڵاوات دان

چیرۆکی٧٤

سلام علیکم
ئەمڕۆ یەکێک لەهاوڕێکانم لەگەڵم قسەی ئەکردو باسی خۆی بۆکردم وتی خەریکە مێردەکەم ژنم بەسەرئەهێنێ و ئەوکەسەش خزم ونزیکی خۆیەتی  و توشی سەدمەیەکی گەورە بوم ، دواتر دەستم گرت بەسڵاواتی ئیبراهیمی و دوای بیستم وتییان کچەکە پەشیمان بۆتەوە وە وازی لێ ئەهێنێت ، وەسبحان الله هەموئەمانە بەفەزڵ وگەورەیی خوایەو بۆیە واز لەم گەوهەرە گەورەیە مەهێنن .

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٧٥

مێردەکۆنەکەم منداڵەکانمی لێ سەندبوو منیش دەسم کرد بەسڵاواتی ئیبراهیمی وەدوای سێ بۆچوار ڕۆژ سوێن بخوا تێلی بۆم کردو وتی تەواو قەیناکا بالای تۆ بژیین و وەمەسروفت بۆ ئەنێرم ..

PDF Reader

چیرۆکی ٧٦

توشی ناخۆشی و بێتاقەتییەکی گەورە بوم واهەستم کرد ژیان هیچ تامی نەماوەو مردن بۆم باشترە لەم ژیانە ، وەدەربارەی سلاواتی ئیبراهیمی بیستم وە دەستم پێکردو هەمورەمەزان ئەموت پێش هەفتەیەک هێزو توانام بۆگەڕایەوەو زیاتر خەریک بوم وە خوا ئاگادارە لەسەرمان کە ژیانم گۆڕا وەلەپێشتر باشتر وە خوا پارەی زۆری پێدام و ئیشی باشم لەسێ شوێنەوە ناوم هاتەوە خۆشم دانە باشەکەم هەڵبژارد وەخوا خەمەکەی لادا خوایەگیان سوپاس بۆفەزڵ و گەورەیی تۆ..

چیرۆکی ٧٧

دەزانی ماوەی سێ مانگ بو توشی کێشەیەک بوم لەگەڵ مێردەکەما خەریک بو وازم لەمناڵەکانم ئەهێنا وە هەمان ڕۆژ ئەکاونتی تۆم دۆزییەوە کەباسی فەزڵ وگەورەیی سڵاواتی ئیبراهیمی واستغفارو حوقلەت ئەکرد ، منیش دەسم کرد بەسڵاوات دان و دوای ئەوەی مۆبایلەکەم کردەوە بەشەرتێ خەریک بو وازم لەمێردەکەم ئەهێناو حەقی خۆمی لێ بسێنم ، وە هەتا خەوتم بەردەوام بوم سوپاس بۆخوا هەستم بەمورتاحی و ئاسودەییەکی زۆر کرد دڵ ودەرونم ئیسراحەتی بۆهات وەهەستم کرد خەفەتم نەماوە و و ان شاءالله بەردەوام ئەبم هەتا داوا لەخوا ئەکەم هیچ دوعایەکت نەگەڕێنێتەوەو دڵخۆشی بەردەوامیبیت پێ ببەخشێ

چیرۆکی ٧٨

السلام عليكم ورحمه‌الله وبركاته

من زۆر لەبێتاقەتییەکی گەورەیابوم سوێن بەوەی گیانمی بەدەستە  کە
خەریک بو بمکوژێ لەخەفەتا ، وام لێهاتبو نەئەمتوانی بخۆم نەبخۆمەوە
نەبخەوم ، دواتر دەستم کردبەسڵاواتی ئیبراهیمی..
من شتێکت بۆباس ئەکەم کەبەسەرخۆما ڕویدا کەبەلای ئێوەوە بچوکە بس
بەلای منەوە گەورەیە، پارەیەک هەبوو ئەبو بیدەم بۆ سلفەیەک کە پشتم
بە ئیشێکی کاتی بەستبوو  بۆ ئەوەی پارەکە جێبەجێ بکەم ، پێش ڕۆژێک
ئیشەکەم نەماو ڕەفز کرابوو، ئیتر زۆر خەفەتم خوارد و دوای دەستم کرد
بەسڵاواتی ئیبراهیمی لەبەیانیەوە تاشەو تاجمعە هەربەردەوام بوم، دواتر
لەگەڵ پورما قسەم ئەکرد خەبەری پێدام کەسوپاس بۆخوا پارەکە جێبەجێ
بوەو دراوە منیش زۆر دڵم خۆشبو پێی وتم چاوەڕێ ئەکەم مانگی داهاتوو تۆ
بیدەی ، سوپاس بۆخوا کێشەکە حەل بو.

هەموو خەیاڵەکانت ئەبنە ڕاستی ڕاستی بەنزیکترین کات بەس بەردەوام بە واز
مەهینە لەوتنەوەی سەڵاواتی ئیبراهمی
مۆژدەکەت بۆدی

چیرۆکی ٧٩

برایەکی بەڕێز ناردوویەتی:

دەمەوێت باسی چیرۆکی خۆم بکەم لەسەر زیکری لا حول ولا قوه الا بالله ئەمڕۆ بەتەمای کارێک بووم بڕیارم دا 100جار زیکری لا حول ولا قوه الا بالله بکەم و الحمدلله ئیشەکەم بۆ جێبەجێ بوو کەسەکە ڕازی بوو الحمدلله

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٨٠

دایکێکی میهرەبان ئەمەی ناردووە

سەلامی خودات لـێ بێت ئازیزم
من ئەمەوێ چیرۆکی خۆم لەگەل خەتمی سێ ڕۆژی و سورەتی بەقـــەرە باس بکەم

ماوەیەک هەر ناساخ بووم چی دکتۆرو شتیشم ئەکرد سودم لێ نابینی ، دواتر چوومە لای دکتۆرێکی زیرەک بۆم دەرکەوت حەملـم هەیە ، یاخوا نوخشەش بێت لەوانەی منداڵیان نییـــە

ئەوەندە دڵم پێی خۆش بوو وەک بڵێی ئەم دونیایەیان پێ داوم چونکە ئەوە ئاواتی هەموو خانمێـــکە ، دوای چەن هەفتەیەک ئازارێکی بێ حەدم بۆ دروست بوبو کە ئارامم نەمابوو دواتر چوومە لای دکتۆر وتی ئەبێت منداڵەکەت لەناو ببەیت «

بەڕاستی ئەتوانم بڵێم قورستریـــــن تاقی کردنەوەم بوو زۆر زۆر دڵم شکا لەگەڵ ئەوەش سوپاسی خودام دەکرد ،بەڵام بەهیچ جۆرێک نەمدەویست منداڵەکەم لەناو ببەم لەترسی خودا ، پـــاشان بڕوایەکی تەواوم هەبوو خوای گەورە تاقیم ئەکاتەوە و منداڵەکەم بۆ سەلامەت ئەکات
ڕۆژ دوای ڕۆژ ئازارم زیادی ئەکرد ئیتر بەگریانەوە گوێم لەسورەتی بەقـــەرە ئەگرت و نزام ئەکرد

PDF
PDF Reader

پاشان بڕیارم دا بە خەتمێک بیکەم تا خودا لەتاوانەکانم خۆش بێت و منداڵەکەم نەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانم و باجەکەی ئەو بێت ، سـوێن بەخودا نیەتم لێ هێنا و گەیشتمە جوزئی ٤ ئەو ڕۆژە سەرەی دکتۆرم بوو تا منداڵەکەم لەبار ببات ، چومەوە لای دکتۆر وتی ئەوە موعجیـزەیە پێویست ناکات منداڵەکە لەناو ببەیت هیچ کێشەئەکی نەماوە سبحان الله
بەڕاستـی دەست بگرن بە خەتم و سوڕەتی بەقەرە پشتـی هەموو محاڵەکانتان بۆ دەشکێنێ

چیرۆکی٨١

موعجیزیەکی ترمان بۆ هاتوە

ساڵ و نیوێک پێش ئیستا سۆنەرێکمان لۆ خوشکم کرد گۆتیان لەسەر جەرگی گرێیەک هەیە وەلا ئیدی نازانم لەبەر چی ئەو کات گرینگیمان پێ نەدا ئێهمالمان کرد. لەبەر ئەوەی بابیشم نەخۆش بوو لەبەر ئەو هەر هی خوشکمان لەبیر کرد وەلا دوای ئەوە مانگێک پێش ئیستا خوشکم ئازار لە سکی دەبی رێک بردمان سۆنەرمان لۆی کرد هەمان قسەی پێشتریان کردەوە گۆتیان گرێیەک هەیە دەبی ئیشاعەی سیتی سکان بگرێ سەرەی ئیشاعەمان دانا ئەو یەک شەمەی تێپەری ئیشاعەکەمان لۆی گرت جا شەوەکەی کە دەبوو بەیانیەکەی لۆئیشاعەکە برۆین زۆر ترسام و قەلەق بووم خەریک بوو گیانم دەرچی لەبەر خوشکم ١٠٠ سەلاواتی ئیبراهیمم بە نیەتی خوشکم لێ دا لەگەڵ یەک جار سورەتی یاسینم خوێند زۆر گریام و دوعام کرد دوای سبەینەکەی کە جاوەرێ ئیشاعەی بوین هیچ ترس و قەلەقیەک لە دڵی مندا نەبوو وەک بلێی خوا منی دڵنیا کردبی کە هیچ نیەوەلا هەر لەو رۆژە ئیشاعەکەمان بردە لای دکتۆر گۆتی ئەو ئیشاعەتان لۆ گرتیە هیچ گرێ و شتێک بوونی نیە بەلاش ئەوەتان گرتیە هەر لەخۆشیان خەریک بوو بفرم الحمدالله جا هەر چیتان دەوێ بەو سەلاواتی ئیراهیمە داوای بکەن وەلا خوا پێتان دەبەخشی سەبریشتان هەبی قەتیش مەلێن دوعامان قبول نابی چونکە هیچ شتێک لای خوا عاسێ نەبی هەمووی پێ دەکرێ کەواتە بەردەوام بن لەسەر سەلاواتی ئیبراهیم تا معجیزە بە چاوی خۆتان ببینن

چیرۆکی ٨٢

چیرۆکێکم پۆست کرد کە ڕوقیەی بۆخۆی کردووە کەسەکە الحمدلله نەجاتی بووە لەسەرەتان
دوای ئەوە خوشکێک چیرۆکی خۆی نارد کە توشی حاڵەتی دەروونی سەخت بووە بەهۆی ئەم ڕوقیە خودا شیفای داوە ئەمەش چیرۆکەکە:

گیانی من ئەمە ڕووقیەی شەرعیە لە حالێکی تا بڵێ ناخۆش بووم توشی نەخۆشی نەفسی بوبوم بەڕاستی ئەوەی من بینیم کەس نەیبینێت بەڵام مامۆستایەکی بەڕێز ئەم ڕووقیەیەی بۆ ناردم و منیش ڕۆژانە ٢ جار بەسەر ئاوێکدا ئەمخوێند کە تەواو ئەبووم ئەم وت یا الله شیفام بدەیت بیکەیتە شیفا بۆم و بە سێ قووم ئەمخوارد دواتر ئەمکرد بەسەر دەمووچاو سەر دڵ و سنگم سوێند بوخوا سووکنای بە. دڵ و دەروونم ئەهات

الحمد الله زۆر زۆر باشتر بوووم زۆر

چیرۆکی ٨٣

وەڵاێ ٥ وەرەمێ سەڕەتانیم هەبوو لەغودە هیوام نەما
دانشتم دیسان دەسم کردە ڕووقیەی شەرعی خوێندنی قورئان
سورەتی فاتحە ٧ جار
وەڵاهی وەڵاهی فەحسم کرد
کە ئەنەما نەخۆشش نەبوومە

لەپاسدا مورتاحیت کەچی شۆفێرەکە ناناسیت!؟
لە فرۆکەدا مورتاحیت کەچی فرۆکەوانەکە ناناسیت!؟
لەکەشتیدا مورتاحیت کە چی کەشتیوانەکە  ناناسیت !؟

ئەی بۆچی لە ژیاندا نامورتاحیت لە کاتیکدا دەزانیت کە خودایەک بەریوەی دەبات ؟!

زۆر زۆر داوا لەخوا بکەن
هەتا خودا بفەرموێت.
ئەی فریشتەکان
پێداویستی بەندەکەم جێبەجێ بکەن
یەقینەکەی زاڵ بوو بەسەر  گرفتەکان

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٨٤

چیرۆکی من لەگەل سەڵاواتی ئیبراهمی و سوورەتی بەقەرەیە و لەگەڵ استغفار
دووعام ئەکرد بەڕۆژوو ئەبووم شەونوێژ ذی الحجه و ڕۆژووگرتۆ خەریک بوو
ئەجوومە کەئابەوە ژیانم قلْپەوەبوو کێشەی زەواج و کێشەی دیکە ساڵی ٢٠١٩
کەوتمە ئەوەی چارەسەر وەرکرم بەردەوامش بووم لەسەر سوورەتی بەقەرە تا
لەبەرم کرد
ساڵی ڕۆشت بەردەوام بووم
خوا گیان ڕزقمی دا بەدووانەیەک لە ٤٣ ساڵی الحمد والشکر یارەب ڕازی
بووم شکور بووم بەس دیارە خوا گیان نایەوی هێشتا واز بێنی لەبەخششە
جوانەکانی بە پارەو  ماڵ و مناڵ ڕزقمی دا کوڕێکشم بوو لە٤٤ ساڵی ئەمە
چیرۆکی منە لەگەڵ سوورەتی بەقەرەو استغفار و سەڵاواتی ئیبراهمی
٢٠١٩ دەسم پێکرد ٢٠٢٢ لەبەرم کرد سوورەتی بەقەرە
ماڵەوەمان هەمووی سێری منیان کرد ئەوانش دەسیان پێکرد کەنزە وەڵا
ڕۆژانە ٢٠٠٠ جار ئەموتەوە
بەردەوام بن دامەبرین دڵنیابن الله جوابتان ئەداتەوەال حمدالله خوایە
نوخشەی کەی لەهەمووومان

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەفەرموێ:
(ئایا هەواڵتان دەمێ لە باشترینی کردەوەکانتان، وە پاکترینیان بێ لای
پەروەردگارتان و دەرەجەتانی پێ بەرزبێتەوە، وە باشتر بێت لە بەخشینی زێڕو
پارە، وە باشتر بێت بۆتان لە جیهاد کردن؟
وترا بەڵێ:
فەرموی: ئەوە یادی الله یە (ذِكرُاللهِ)

(الترمذي) و صحيح في صحيح الجامع

چیرۆکی ٨٥

دایکێک ئەم چیرۆکەی ناردووە

سڵاو منیش چیرۆکی خۆمتان بۆباس ئەکەم
پێش مانگێ زانیم بێ ویستی خۆمان دووگیانم ودومانگ بو. دکتۆریش وتی ئەگەری زۆر زوربەرە نوقسان بێت چونکە هەنێ نوقسانی هەبوو لە منالەکە وتی لەسێ مانگی دیارە منیش لەرێگەی ئەم گروپەدەستم کرد بەشەونوێژو لەسێ یەکی شەوو هەمووشەوێ سورەتی یاسینم دەخوێندو لەگەڵ دوعای سورەتی کەهف ویونس وزیکرەکان وئایەتی کورسیو هەنێ جار ڕوقیە تەنهائەودوعایەم ئەکردخوایەبەمناڵی نوقسان تاقیم نەکەیتەوە یان مناڵی ساغم بەیتێ،،،هەرچەن دکتۆرگوتی نوقسانیش بێت لەباری ئەبەین وتم هەرگیز ئەوقەتلەناکەم،،،بەهەرحاڵ دوای مانگێ چومەوەدکتۆر منالەکەم لەسکم مردبوو دکتۆریش وتی خواخۆشی ویستوی چونکەئەگەری مناڵی نوقسان هەرزۆرزۆربەرز بووە وگەرلەدایکیش بوایەدەمرد باش عەزیت بونێکی  زۆر ویستم پێتان بڵێم چی خوابۆمانی نوسییێ ڕوو ئەدات بەڵام دوعالەوەیەزۆرجار قەدەر بگۆڕێت خۆشحاڵ نیم بەمردنی کۆرپەلەکەم بەڵام لەدڵەوەیەقینم هەیە لەبەردوعاکانم خوانەیویستوە ئەومناڵە بێتەدونیاوەو عەزیەتی ومەینەتی زۆر ببینێ یان منیش بەهۆی ئەووەوە خەم بخۆم ...بێگومان جیش لای خوای گەورەبێت هەر خێرە ایتر ئێوەچۆن لێکی ئەدەن ئازادن
الحمد لله علی کل حال

چیرۆکی ٨٦

من براکەم ١١ ساڵ حوکم درا بەداخەوە دایکم ووێران بوو لەخەفەتا
تەواو وێران بووین ڕۆژی بەسوتفەگروپێکم بینی هی سەلاوات و استغفار
جەدۆەلی زکرەکان بوو
وەلا منش دەسم کردە وتنەوەێ بێ ئەوەی باسی کەم یان شتی سوێند بەالله
نامەم بۆهات دوای فەترەیە
کەبراکەم حوکمی لةسەر نەماوەە

چیرۆکی ٨٧

وەڵای کێشەم لەگەڵ مێردەکەم هەبوو
مانگ زیاتر بوو زۆر ناخۆش ببوو وەزعەگە دانشتم دەستم کردە وتنەوەی ئەم
سەڵاواتە سوجدەم برد  پاڕامەوە کاتی زۆۆۆر بەس یەقینم هەبوو
سویند بەاللّە نەمزانی چون حەل بوو نەفسی ڕۆژ

چیرۆکی ٨٨

سوێند بەخوا بەدوای ئیش ئەکەرام گوێم لەگەورەی زکری استغفاربوو
پاش ٣ مانگ بەردەوام بوونم
بومە خاوەن کاری خۆم بەڕاتبی زۆر بەرز
الحمدالله

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٨٩

ڕۆژانە استغفارم ئەکرد سبحان الله ناوەستام چی ڕوویدایە هەر بەردەوام ئەبووم بەیانی ئیواران دائیمەن دووبارەم ئەکردەوە نەتیجەکەی ئەوەبوو ڕازی بووم قەناعەتم بەژیانم هەبوو تەئسیری زۆۆۆۆر لەسەر ژیانم هەبوو

داوای لێخۆشبوون بکە لە خوا بۆ ئەوکاتانەی بە فیڕۆت داوە

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٩٠

خەڵکینە لەم مینبەرەوە ئامۆژگارییتان ئەکەم بەسڵاواتی ئیبراهیمی کەئەوترێ لەکاتی شایەتمان دانا، واللە ئەوشتانەی کەمەحاڵن جێبەجێ ئەبێت ئەوەی چەن ساڵ بو دوعام بۆئەکرد وەهیچ دوعایەک بەقەد ئەمە ژیانمی نەگۆڕی سوپاس بۆخوا دوعاکانم گیرابو وەتەنانەت باوکم پێی وتم چۆن ئەوە ڕوییدا؟؟

چیرۆکی ٩١

سوێن بخوا صلاواتی ئیبراهیمی گەوهەرە وەلەگەڵ ذیکرەکان هەموی
بەڵات صلاواتی ئیبراهیمی زۆر شتی بۆهێنامە دی .
سوێن بەوەی کە تەنها بەو سوێن ئەخورێ سلاواتی ئیبراهیمی
گەوهەرێکی گەورەبو لەژیانم بەتەواوی . بەشەرتی یەقین وەبەشێوەیەکی
داییمی واللە ئینجا واللە وەهەموشت گۆڕا لام وەهەمو

ذکرێ خێرەبەڵێ بەڵام ئەمەیان سەروی هەموذکرودوعاکانە وەیە
گوناهەکانت ئەسرێیتەوەوخەمت ناهێڵێ اللە اکبر.خواگەورەیە.

چیرۆکی ٩٢

ئەمنالاَند بەدەست بیرکردنەوە نەرێنییەکانەوە، وەئەوبیرکردنەوانە لەشەیطانەوەیە، دایم دائەبەزم و سەرئەکەوم لێی ، ئێستا شەیطان ئەزانێ کەلە حاڵەتێکی خەتەرایە ، ئەگەر گرتت بە صلاَواتی ئیبراهیمییەوە ڕەحمەت ئەڕژێ بەسەرتا وە فەریحی و شفات بۆدێت ، وە ئەمە ئەیسوتێنێ وە زۆر گەورەیە، کلیلی خۆشبەختییە وەنهێنی وەلاَمدانەوەی دوعاکانە وەهیچ دوعایەک بێ سلاَوات وەرناگیرێ وەگوێی مەدەرێ ئەگەر هەمودوعاکانت!!
بەرفەوام بە لەسەری زۆر بیلێوە وەبەری مەدەبە دەرەجەیەکی زۆر وەبەیەقینەوە
واهەست بکە کەخوای گەورە ئاگای لێتەو جوابت ئەداتەوەو بەڕەحمەت ومیهرەبانی خۆی.

چیرۆکی ٩٣

کەسێک ئەڵێت:

ماشاءالله لەگەورەیی ئەم ذکرە  ماشاءالله تبارک الرزاق ذو قوە المتین
کەسێک نزیکم ئەناسم خوای گەورە دوانەیەکی داوە پێی وە ماڵێکی
شاهانەو ئیسراحەت بەفەزڵی خوا وە بەهۆی استغفارو سڵاوات دان .

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ٩٤

کەسێک ئەڵێ:
زۆر پێویستم بەکارێک هەبو و زۆر چاوەڕوان بوم بەڵام پاش ماوەیەک سوێند بە الله بەردەوام بوم لەسەر وتنی استغفرالله و لا اله الله و زیکرەکانی تر خوا بەجارێک دوو هەلی کاری پێ بەخشیم لەخۆشیدا هەر الحمد لله م ئەوتەوە وە بیری ئەو ئایەتەی قورئانم کەوتەوە کەئەڵێت اذکرونی اذکرکم واتە خوا ئەفەرموێت یاردم بکەن منیش یادتان ئەکەم ئایەتێکە شایانی بیرلێکردنەوەیە

PDF
PDF Reader

چیرۆکی٩٥

کەسێک ئەڵێت
وەرەمی لیف لە منداڵداندام هەبوە بەڵام دەستم کرد بە استغفر الله و لا اله الا الله و والله اکبر هەروەها دوبارە وتنەوەی ناوی الله الرحیم الرحمن الودود الباری خوێندنەوەی سورەتی فاتحە واتە الحمد لله رب العالمین حەوت جار بەسەر ئەو ئاوەی ئەم خواردەوە وە تحصیناتەکان واتە زیکرەکان و دوعاکانی بەیانیان و ئێواران روقیەی شەرعی ونوێژی

ویتر و ضحی واتە چێشتەنگاو وەصەدەقەکردن  واتە خێرو چاکەکردن هەمو هەینیەک  وە ئەگەر حاڵم
 باشبوایە ئاوی خواردنەوەم بەخشیوەتەوە وسوپاسی خوام کردوە پاشان نەشتەرگەریم ۆ کراو بۆ لابردنی وەرەمەلیفیەکە و خوا شیفای دام بەو دووڕێگا چارەسەرە بەرەحمەتی خۆی صەدەقەش بەتاییەت کاریگەری باشی هەبوە داوا لەخوا ئەکەم
شیفای نەخۆشی هەمو لایەک بدات

چیرۆکی ٩٦
کەسێک دەفەرمووێ:

سەلام ڕەحمەت و بەرەکەتی خوای گەورەتان لێ بێت، زیاتر لە ٣ ساڵە چاوەڕێی نەشتەرگەری گۆڕینی جومگەی حەوز بووم، سوپاس بۆ خوا، بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی سورەتی بەقەرە بە مەبەستی ئاسانکاری شتەکان بە گشتی کەمتر لە دوو مانگ الحمد الله، تەلەفۆنیان بۆ نەخۆشخانە کرد و وادەی نەشتەرگەریەکەیان دانا، نەشتەرگەرییەکەش سەرکەوتوو بوو، بەهۆی خوێندنی سورەتی البقرە خوایە گیان سوپاس بۆ تۆ، وە ئامۆژگاری هەموو لایەک دەکەم کە دەست بگرن بە سورەتی البقرة گەورەترین نیعمەتە

چیرۆکی ٩٧
کەسێک ئەڵێ:

زۆۆر حەزم لێبوو دووگیان ببم
٧ساڵ بوو تاخیر ببووم دەسم کردە دووعاکردن و وتنەۆەێ ربی لاتذرنی فردا وانت خیر الوارثین لەسوجدە لەبانگ و قامەت وە بەردەوام سەڵاواتێ ئیبراهمیم ئەوتەوە بەردەوامم لەگەڵ سەدەقە زۆۆر گرنگە و کەفالەتی بێ باوک شکور بۆ الله ڕزقی دام بە منداڵی کە نە عیادەم کرد نەعلاج نەدکتۆر یەقینن پێش هەموو شتێکە

چیرۆکی ٩٨

سوێن بخوا کۆتای ڕۆژەکەم دوعاکەم گیرابو لەکۆتای ڕۆژی هەینی ،
ڕوائەکەن بەچەن سەعاتێکی کەم وابزانم ای شەوبو گرێکەم و
خەمەکەم نەما ،ئەزانن بەهۆی زۆری ئەوبابەتەوە دڵم وەستا نەمەتوانی
دوعابکەم ،دانیشتم کەلەسەر بەرماڵ ولەکۆتایی کاتژمێرەکە ئەگریام وەئەموت
خوایە تۆئەزانی چی لەدڵمایە خوایە توانام نەما قسەبکەم خوایە تۆئەزانی
چیم لێهاتوە وەهەرئەگریام وئەموت خوایە بەیەقینێکی زۆرەوە ئەموت
خوا گوێی لێمەو وە داواکەم جێبەجێ ئەکات ، خوائەزانێ کە شتێکی مەحاڵ
نیە وەئەمە بەسەرخۆما هاتوەو وەبڕوام نەئەکرد ویستم بگرییم سوجدەیەکی
شوکرانەم کرد و وتم خوابێ ئومێدم ناکات وە خەمەکەم کۆتای بێت
خوایەسوپاس بۆتۆ ،
ئامۆژگارییم بۆتان کۆتا سەعات لەڕۆژی هەینی لەدوای نوێژی عەسر لەبەینی
مەغریب وعەسرا ئەو هەلە بقۆزنەوەو دوعای تێدا بکەن ، وەدڵنیابن ئەوەی
لەدڵتانا دێتە دی و وەزۆر سڵاوات بدەن

چیرۆکی ٩٩

لە خەونمدا داوای شتێکی لێکردم کە بڕۆم و اوشتەی بۆ بێنم ڕۆیشتم بۆی بێنم شتەکە زۆر بچووک بوو بەڵام کاتێ هەڵمکرت زۆر زۆر قورس بوو اوەندە قورس بوو جەند جار هەوڵمدا فڕێی بدەم بەڵام فڕێم نەداوگەیاندم..

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٠٠

تا ئیسته 4 جار هاتوته خه وم روحم به فیدای جاریک فاتیمه ی کچی هاته خه وم جاریک له نیو کومه لیک پیغه مبه ران سلاوی خویان لیبیت دابووم

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٠١
من بینیم لە ماڵی خودا بوم پیرە ژنێکی لێبوو وتی سە یری ئە ولاکە سە یرم کرد وتی ئە وە پیغمبرمانە لە پیش کعبە ی پیروز وە ستابو ریشکی رە شی پیوە بو زور جوان بو نە زور دریژ بو نە زوریش کورت

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٠٢
من جارێک خۆشەویستم دیوە علیه الصلاة والسلام لەگەڵ سێ چوار
برادەرێکم بوین تەقریبەن نزیکی مزگەوت بوین هاتە لامان ڕاوەستا لەگەڵمان
هەر وەک برادەرێک لامان بوو فەرمووی بچین
بۆ مزگەوت لەگەڵمان هات
ئیمامی مزگەوتەکەی پێش خست خۆی لەدواوە لەگەڵمان ڕاوەستا یارب
لەبەهەشتا هاوڕێ و جیرانی بین

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٠٣

لە بە رنوری رووخساری دە موو چاوینم
نە بینی بەس زۆر هە یبت و شکۆی هە بوو گشت لەشم دەلەرزی بەهەردوو دەستی سەلامی لێم کرد پێمی وت تۆ زۆر سڵاواتت لەسەرم یاوە..

چیرۆکی ١٠٤
بەڵێ من بینیومە نەمتوانی بچمە مەجلیسەکەی بەڵام بە کەسێکی وت زەردەخەنەیەک بۆ ئەو کورە بکەو پێی بڵێ ئاگادارم لەبەر دەرگایەو نایەتە ژورەوە ئەو کاتەمن زانیم کە ئەو ئاگادارە رۆیشتم دوای ئەو خەوە ژیانم گۆڕا..

خودایە ئەو خەونەش بە نسیب ئێمە بکەیت

اللّهُمَّ صَلِّ عَلَىٰ مُحَمَّد وَعَلَىٰ آلِ مُحَمَّد

چیرۆکی ١٠٥
ئازیزێک دەربارەی تاج الزکر
ڕۆژانە بە نیەتی هیدایەتدانی کەسێك دەمخوێند
الحمدلله بە فەزڵی خوا و ئەم زیکرە دڵی وابەستەی دین بوو
تەنانەت ئێستا هەموو نوێژەکانی لە مزگەوت دەکات

ئەم زیکرە زۆر ڕوداو و موژدانەی جوانی لەخۆیدا هەڵگرتووە
تەنها ئەوانە هەستی پێ دەکەن و دەیبینن کە دەیخوێنن بەبێ وازهێنان

تاج الزکر مەبەستی ئەمەیە
لا إلهَ إلاّ اللّه وحْدهُ لاَ شَرِيكَ لهُ لَهُ المُلْكُ ولَهُ الحمْدُ وَ هُو عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ

PDF
PDF Reader

چیرۆکی چەن ئازیزێ لەسەر قبولبونی دوعا

چیرۆکیگ ١٠٦
داوام لە خودا کرد لەکەسی خراپ بەدورم بگرێ و داواشم کرد کەسێکم لێ دور بخاتەوە الهمدلله خودا دوعاکەی قبول کردم بیرت بێ ئەوەی بتەوێ خودا قبوڵیەکاو تۆش سوجدەی شکور بە

چیرۆکی ١٠٧
ماڵەوەمان دەیانویست پشیلەکەم ببەخشم زۆر دوعام کرد لە لام بمێنێتەوە ئاخیر جار لە رۆژی هەینی دوای نوێژی عەسر چل جار سورەت نصرم خوێندو ئەمجارە دوعام کرد خوایە چی بەباش دەزانی بۆ هەردوکمان هەر ئەوە ببێو خەوتم کە هەستامەوە دایکم تێلی کرد وتی با لامان بمێنێتەوە یانی مەودای دوعاکەمو قبوڵبونی تەنیا سەرخەوێکی عەسر بوو..

چیرۆکی ١٠٨
رۆژی جەژن لە کاتی نوێژی جەژن دوعایەکم کرد بۆم گیرابو بەڵام پەشیمانم کە دوعام کرد..

چیرۆکی ١٠٩
دوعام دەکرد خودا بەقەد ماندوبونەکەم پاداشتم باتەوە
الحمدلله و شکور توانیمپۆلی دوانزە بە معەدەلی ٩٤ ببڕم ئەوە نەبو کە دەمویست ئەوەبو کە خوا دەیویست ئێستاس لەو بەشەم کە خودا بۆمی بە باش زانیوە الحمدلله
بەزەییو سۆزو بەخشندەیی خودا بێ وێنەیە

چیرۆکی ١١٠
گوڵ هودی جوان دەربارەی دوعاکەی پێغەمبەر موسا علیه السلام
چەندێ ئەم دوعایەم خۆشدەوێت ڕێك لە دڵت جێگیر دەبێت و خۆشیت بۆ فەراهەم دەهێنێت
کاتێك دەیخوێنیت و واتاکەی دەزانی وا هەست دەکەیت هیچ خەمێك لە ئارادا نییە و دەرونت وابەستەی ئارامی دەبێت

هەرجارێك خوێندبێتم { چ ڕێژەیەکی کەم بوبێت یان زۆر }بۆتە هۆکاری ئاسانبونی کارەکانم

دوعاکە/ربی اشرح لی ویسر لی امری

چیرۆکی ١١١
خوێندکارێکی ئازیز
لە پۆلی نۆ بووم مامەوە دەوری دوو کە دەوری دوو ئیمتیحانم کرد زۆر باش جوابم نەدایەوە لە ناو قاعەی ئیمتیحان بیرم ئەکردەوە کە پۆلی نۆ لەسەرەتاوە دەس پێبکەمەوە ، هاتمەوە لە ئیمتیحان نوێژم کرد نوێژی عەسر بو
نوێژی عەسرم کرد دوای نوێژ لە سوجدە ئەمەنە گریام ئەمەنە گریام ئیتر دوای ماوەیە کەم وتیان نەتیجە بڵاو ئەبێتەوە ئەمرۆ منیش لە عەسرەوە و هەتا بانگی مەغریب ئینجە بڵاو بۆیەوە چاوم بە نەتیجەکەم کەوت
کەناجح بووم هەستێکم هەبوو ئەمەنە خۆش بوو لەخۆشیا ئەگریام ، یارەبی خوایە الحمدالله الحمدالله بۆ هەموو نیعمەتەکانت، نازانم چۆن سوپاسی بکەم

چیرۆکی ١١٢
ئازیزێکی پڕ یەقین دەربارەی دوعا

من دوعای هەر چیم کرد دوای ساڵێ گیرا بوە وەلا بەس لە ناخی دلتەوە ئومێدت بە خوا هەبێ کە تەواوی گەردون بە بونو نەبونی بەدەس ئەوە ئەوە خوای گەورە قەت بێ ئومێدت ناکاتتەنها پشت بەخوا ببەستە مەلێ من خوام هەیەو فلانە کەس لەگەڵمە بڵێ من بەس خوام هەیەو من لەگەڵ خوای خۆمم ئەویش لەگەڵ نیەتی دڵمە

چیرۆکی قبوڵ بونی دوعای چەن ئازیزێک

چیرۆکی ١١٣
پار ئەم کاتانە دوعام ئەکرد ئەمساڵ پێکەوە جەژن بکەینسوپاس بۆ خوا دوعاکانمی قبوڵ کرد بەیا

نی پێکەوە ئەبین

چیرۆکی ١١٤
هەموو کات الحمدلله نزام گیرابووە وەک پێرێشەو نزام ئەکرد لەگەڵ ئەزیزێکم قسە بکەینەوە ئەمشەو نزاکەم گیرابوئادی نارد قەت بێ هیوا مەبن

چیرۆکی ١١٥
زۆر بە ئاواتی شتێکەوە بوم لە ٢٧ی ڕەمەزان دوعام کرد کاتی بەربانگ خوای گەورە بۆمی هێنایەدی الحمدلله

چیرۆکی ١١٦
لە نامەی خوشکێکەوە دەربارەی دوعای هیدایەت
سوێنم خوارد نەخەوتم تاکو ئەو هێزو مۆعجیزەیە نیشانی ئێوە نەدەم کە خوای گەورە چەن گەورەیە چاوم فرمیسکی لی دێت دەمم داناخریت لە خۆشیا هەمان ئەو هەستەم هەیە لەدوای بارانیک بە خوڕ تیشکێکی هەتاو دەرکەوێت ، من کەسیک ئازیزم لەگیانی خۆم زیاتر خۆشم ئەویست توشی تاوان کردن بوبو بەهیچ چارەسەرێ نەبوو زۆر قسەم بۆ کرد زۆر حەدیس بۆ نارد هەر هیچ تاکو تەنیا دوو رۆژە بەخوا تەنیا دوو رۆژ دۆعا ئەکەم خوا هیدایەتی بدات دور بکەوێتەوە لە تاوان ببیە خۆشەویستی خوا ، ئێستا چەن کاتژمیریک بی ئاگا بوم لیی مەسجم کرد وتی من شتیکم بەسەر هاتوە تاقیکردنەوەی تاوانەکانم و خوا بوە تۆبەم کرد هەرگیز شتی وا نەکەمەوە باسیشی نەکەم قەت ، یانی من یەکسەر سوجدەی شکورم برد کەخوایەک هەیە بەندەکانی چەن تاوان بکەن هەر خۆشی ئەوین ئەیان گەرینیتەوە لای خۆی وە دۆعای منیش بۆ ئەو ئەزیزە قبول بوو خوای گەورە دۆعای هەموو لایەک قبول بکات و هیدایەتی هەموو لایەک بدات

چیرۆکی ١١٧
ئەی خوایە لەو چیرۆکە موعجیزەیە
خوشکێکی گوڵ لە نامەوە بەڕاستی بە خوێندنەوەی دلت ئەلەرزێ
دەربارەی دوعاکەی پێغەمبەر موسا علیه السلام ئەوەی چالنجەکە ماشاءالله
تبارک الرحمن
السلام علیک خوشکم سەبارەت بەو چاڵنجەی دووعاکەی پێغەمبەر موسا
سەلامی خوای لەسەربێت من ماوەی سێ ڕۆژە دەستم کردووە بەو زیکرە
الحمدلله سوێن بەخوا دووێنێ شەو لەخەونمدا دیتم خستمیانە ناو
ئاگرێکی زۆر گەرم لەناو ئاگرەکەیشدا ئەو زیکرەم بەبەردەوامی ئەوتەوە
دوواتر لە ئاسمانەوە فیشتەیەک بەسەوتێکی بەرز هاواری کرد وتی بیخەنە
بەهەشتەوە چونکە ئەو زیکرەی خوێندووە
هیچ حسابێکی نوێژوو ڕۆژوویان لەگەڵ نەکردم تەنها حسابی ئە زیکرە
نەبێت لەخەونەکەمدا تەنها لەبەر ئەو زیکرە کردمیانە بەهەشتەوە ئەبێ
گەورەیو پاداشتی ئەو زیکرە چەنزۆربێت لەلای خودا ئەوەدوعاکەیە

((ربی اشرح لی صدري ویسر لي أمري) )

چیرۆکی ١١٨
ئازیزێک دەربارەی دوعاکەی موسا علی السلام
پاکی و بێگەردی بۆ خوایە، هیچ هێزو توانایەک لە لایەن خواوە نەبێت هیچی تر نیە.
سالآنێک ئەم دوعایەم ئەکرد ( ربی اشرح لی صدري ویسر لي أمري) دڵو سنگم تەنگ و زەحمەتی قسەکردنم هەیە بۆیە مانگاکە دوو مانگ تەرخان کرد بە مەبەستی نزیک بوونەوە لە خوا و پەرستن و بە مەبەستی چاکبوونەوە و بەرەکەتی و بەدەستهێنانی تکاکاری قورئان لە ڕۆژی قیامەتدا

چیرۆکی ١١٩
لە نامەی گولێکەوە دەربارەی دوعاکەی پێغەمبەر موسا علیه السلام
سلام علیکم ساوێن گیان باشیت
ئەمەوێ لەسەر دوعاکەی پێغەمبەر موسا و مۆعجیزەکەی باس بکەم ئەمشەو زۆر زۆر بێتاقەت بووم و سەر دڵم زۆر قورس بوو چومە ناو جێگا سەعات نزیکی ٩:٣٠ هەر ئەو زکرەم ئەوتەوە هەتا ئیسەش بەردەوامم لە وتنەوەی ئیستا ئەو بێتاقەتیەیەم نەماوەو دڵم ئارام بۆتەوە داوا لەخوای گەورە ئەکەم ئاوا گیرابوونی دوعاکانی من و موسڵمانان ئاسان بکات داوا لە جەماعەتی گروپ ئەکەم دەستی پێوەبگرن و بەردەوام بن

چیرۆکی دو ئازیز

چیرۆکی ١٢٠
مەڵێ ئاواتی من مەحاڵە بۆ خوا زۆر ئاسانە وەك چاو تروكانێك
هاوڕێیەكم هەبوو قـــەت باوەڕم نەئەكرد ببێتە كەسێ موسلیم بەســ
ئێستە ڕۆژانی جومعە لە مزگەوت و ئەو نەسیحەتی خەڵك ئەكا!!!
دوعای هیدا!!!یەت بۆ هەموو ئەو كەسانە بكەن  كە ئەیناسن بەڵكو
دوعایەكی تۆ كەسێك بباتە سەر ڕێگای هیدایەت و بچێتە بەهەشت

چیرۆکی ١٢١
كەسێك بێ ویستی خۆم و بەناحەقی لەژیانم ڕۆیشـــــت
منیش لام ناخۆشبوو و یەقینم وابوو خوا هیچ شتێك ناكا بەحەسرەتی ئەو
دڵەی خۆی خاڵقیەتی
دوای سێ مانگ خۆی هات و داوای لێبوردنی كرد
خوا لای گومانی بەندەكەیەتی بۆیی بۆی بكا بە ڕاستیەكی شیرین

چیرۆکی ١٢٢
ئازیزێک دەربارەی سورەتی بقرە

زستان دەستم کرد بەخوێندنی لە دوای نوێژی بەیانی لەبەردەم زۆپا دارەکەداو لەبەردەم لایت شەحن دەمخوێند کە دنیا روناک دەبوو دەچومە دەرەوە لەبەردەم خۆر هەڵهاتندا دەمخوێند نازانم چۆن باسی بکەم چ هەستێک بوو تەواوی ئەو رۆژە من ئاسودەبووم هەموو کارەکانم ئاسان دەهاتن بەدەستەوە وزەو تاقەتم زۆر دەبوو ئیتر وام لێهات شەوانیش کە دەخەوتم دەمخستە سەریو بە سەماعە

گوێم لێ دەگرت و هەر زوو خەوم لێدەکەوت سورەتی بقرە ئاسودەییە هێزە دڵخۆشیە هیوایە ڕزقە..
ئەگەر خەمت هەیە ڕزقت نیە بێ هیوا بوی یان چاو لێی داوی یان سیحرت لێ کراوە هەرچی کێشەیەکت هەیە وەڵا یەک هەفتە لەسەر یەک بیخوێنە بەخوا هەموو کێشەکانت چارە دەبێ ..

PDF
PDF Reader

چیرۆکی ١٢٣
گوڵخوشکێک لە نامەوە
سلام علیکم گیان
ویستم منیش چیرۆکی خۆم بنێرم ،ڕێک یەک ساڵ پێش ئیستا کاتێ لە عومرە گەڕامەوە توشی یەکێک لەتاقیکردنەوەکانی ئیلاهیی بووم بڕوابکە هەرگیز لەتەمەنم توشی ئەوەنە زەحمەتی نەبووم بەڕادەیەک نە خەوم ما نە خواردن لە دوونیا داپڕامم بەڵام لە خوا دانەبڕام هەموو ڕۆژێک تەمەنایی مردنم ئەکرد نعوذ باللة ، وام هەست ئەکرد قەت جارێکی تر پێناکەنمم ناژیمەوە بەڵام بە فەضلی خواگیان و شەو نوێژ و سورەت یاسین و بەقرە و زیکرەکان ئێستا زۆر باشمم الحمدالله
